ئەو دەیویست لەسەر شێوەیەکی کۆن پەروەردە ببێ!. لەگەڵ ئەوەیشدا لە سایەی خوداوە. کوڕەکەمان گەورە بوو. هەرچەندە لە زۆر شتیدا وەک منداڵیی خۆم کز و لاواز و گرۆز و نەکلۆک دەرچوو، بەڵام وردە، وردە چاک بوو، تا لە ساڵی ١٩٦٠دا لە ڕەوشت و خووی باش و نیشتمانپەروەری و خوێندەواریدا ناوبانگی سەند. مامۆستاکانی و قوتابییەکانی هاوڕێی، خزمان، تێکڕا هەموو خۆشیان دەویست. فەرمانڕەوایی لەسەر ئەرکی خۆی ناردی بۆ (چیکۆسلۆڤاکیا) بۆ خوێندنی (ئەندازەی میکانیکی) و فێربوونی... سوپاس بۆ خودای پاکی بێ هاوتا کە سەری خستم لە ژیانی خێزانی و پەروەردەکردنی منداڵەکەماندا.

منداڵی ترمان نەبوو. من ئەوەم پێ خۆش بوو... بەڵام ژنەکەم پێی خۆش نەبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا، تا دەهات من و ژنەکەم دۆستایەتیمان بەهێزتر دەبوو، هۆگریمان زۆرتر دەبوو، خۆشەویستیمان پەرەی زۆرتر دەسەند! (خۆشەویستی) و (ڕێزلێگرتن) و (دادپەروەری)، سێ بنچینەی گرنگ بوون کە ژیانی خێزانیمان لەسەریان دامەزراندبوو. لەبەر ئەوە گەلێک گێژەلووکەی ڕۆژگار پەیدابوون... بەڵام نەیانتوانی نێوانمان تێک بدەن، یان ژیانمان لێ تاڵ بکەن! ئەمە ڕاستە لە زۆر خۆرشتی گیان بێ بەش ماومەتەوە، بەهۆی نەخوێندەواری ژنەکەمەوە. بەڵام کە سەرنج دەدەم لە ژیانی خۆمان و، لەگەڵ ژیانی ئەم و ئەوی ناوچەی خۆماندا بەراوردی دەکەم، ژیانی ژن و مێردی ئێمە لە هی زۆربەیان بەنرختر و پەسندترە! لە جیهانێکیشدا، کە کەس نییە، لە هەموو شتێکدا تەواوبێ، بۆ من بەسە، بەڵکو زۆر جێگای سوپاس و کامەرانییە، کە گەیشتوومەتە ئەم ئەنجامە!

## شێخەکانی قادر کەرەم

لە (شێخ عەبدولکەریم)ی بەرزنجی و کوڕەکانی و خزمەکانی چەند هاودەمێکی گرنگ و بەنرخم دەستکەوتبوو. پێکەوە زۆر خۆشمان ڕادەبوارد لە (قادرکەرەم)دا. بەڕاستی بەهۆی یارمەتی ئەوانەوە کامەرانی و سەربەرزییەکی زۆرم چنگ کەوتبوو. لە هاوینی ١٩٤٢دا لە (قادرکەرەم) و (قەڵامکایل)دا دوو خوێندنگای شەویشمان بۆ لادێییەکان کردەوە. فێری خوێندن و نووسین و ژمێرمان دەکردن. هەموو هەفتەیەکیش ڕۆژنامەکەمان، کە ناومان نابوو «باسەرە»[1] لە ئاهەنگێکی چایی و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و بەزم و ڕەزمدا بۆم خوێندنەوە، تا وریایان بکەینەوە و بیانخەینە سەر ڕێگای پێشکەوتن. بۆ ئەم مەبەستە (باخچەی گشت لادێیی قادر کەرەم)یشم، لەسەر شێوەیەکی نوێ بۆ دروست کردبوون. ئێواران هەموومان لەوێدا کۆ دەبووینەوە. گوڵ و سەوزە و تەڕەمان، تەرخان کردبوو بۆ هەمووان جا ئەم فەرمانە خۆشەویستانەم بەهۆی یارمەتی ئەو کوڕە شێخانەوە بۆ هەڵدەسووڕا. (شێخ مارف، شێخ

(١) ئەو ڕۆژنامە دەسنووسە، مامۆستا لە ساڵی ١٩٨٥دا چاپی کرد، (شاکر فەتاح، ڕۆژنامەی باسەرە، چاپخانەی الحوادث بەغدا ١٩٨٥).
بەڵام بەداخەوە هەرچەندە لەناو دەسنووسەکانیدا سۆراخم کرد بێ سوود بوو، دەسنووسە ئەسڵەکەم نەدیوە. تەنیا چاپکراوەکەیان وا لەبەر دەستدا.



عەبدولعەزیز[1]، شێخ حوسێن، شێخ ئیبراهیم، شێخ حوسێنی جەباری[2]، شێخ حەسەنی قەرەچێواری[3]) لەو برایانەن کە هەتا دەمێنم خۆشەویستی و تێکۆشانیان بۆ کەلکی گشتی، لەبیر ناکەم و پڕ بەدڵ سوپاسیان دەکەم. نزیکەی ساڵێک و مانگێک لە (قادرکەرەم)دا مامەوە، هەرچەندە بەدەست هەندێک فەرمانبەری خراپەوە، زۆر تەنگ و چەڵەمەم هاتەڕێ، بەڵام بەجۆرێکی تێکڕایی هەموو ناوچەکە منیان خۆش دەویست و، منیش ئەوانم خۆش دەویست، کە گوێزایانمەوە (خورماڵ) هەوڵیان دا لای فەرمانڕەوایی: بم هێننەوە. بەڵام سەری نەگرت. داخەکەم لێیان جیا بوومەوە. بەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستییەوە ڕەوانەیان کردم. یەک دوو جار من و هاوڕێکانم چاومان پڕ بوو لە فرمێسک و گریان. هەرچەندە نامەکاریمان هەر هەتا چەند ساڵێک بوو. بەڵام برایەتیمان هەتا هەتایە، هەرگیز و هەرگیز نابڕێتەوە. لە (قادرکەرەم)دا بوو کە کۆمەڵە چیرۆکەکانی نووسراوی (شەبەنگە بەرۆژ)م نووسییەوە. لە ساڵی ١٩٤٧دا لە چاپ دران. هەروەها (٢٤) ژمارەیشم لە ڕۆژنامەی (باسەرە) بەدەست نووسییەوە.

کە لە (قادرکەرەم) جیابوومەوە، ئازاری دوورکەوتنەوەم لەو خۆشەویستانەم: (لادێیەکە)، (دانیشتووەکانی)، (خوێندنگاکانم لە قادرکەرەم) و قەڵامکایل)دا، (باخچەی گشت لایی قادرکەرەم)، (ڕۆژنامەی باسەرە) و، ئەو برایانەی یارمەتییان دەدام لەو فەرمانە گشتییە بەکەلکانەدا، ئازاری دوورکەوتنەوەم لەوانە، هەموویان جەرگمیان دەکزاندەوە.

لەوانە هەموویان، ئێستا دوو یادگارم لە لاماوە: «شەبەنگە بەرۆژ» و (باسەرە)... جار بەجار کە دەیانخوێنمەوە، دووبارە یادی پڕ خۆشی و کامەرانی و ئەو تافە دەکەمەوە، کە لە (قادرکەرەم)دا ڕامدەبوارد. هەروەها کە لە خوێندنەوەیشیان دەبمەوە، کسپە لە جەرگمەوە دێ کە لەو مرۆڤ و شتە خۆشەویستانە جیا بوومەتەوە!.

(١) شێخ عەبدولعەزیز: کوڕی شێخ سمایلی قازانقایە، ئەو کاتە لە قادرکەرەم بوو، خوشکەزای شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەمە، لەم دواییەدا لە سلێمانی دادەنیشت، باوکی شەونم بەرزنجی شاعیرە.
(٢) شێخ حوسێنی جەباری: کوڕی سەید محەمەدی جەبارییە کە یەکێکە لە هەوادارە ڕاستەقینەکانی شێخ مەحموودی نەمر، نەبەردی زۆری هەیە لە سەردەمی شۆڕشەکەیدا.
(٣) شێخ حەسەنی کوڕی شێخ محێدین، برازای شێخ حەسەنی قەرەچێوار، ئەو کاتە لە قادرکەرەم دانیشتووە و دوایی هاتە سلێمانی و لە ئەوقاف فەرمانبەر بوو، باوکی مامۆستا ئەرشەد و چریسکەخانە.

# باسەرە

ژمارە: (١)

ڕۆژ: ١٩٤٢/٦/٢٥

## هەواڵی قادرکەرەم

ڕۆژنامەی باسەرە

براگەل! ئەی دانیشتووانی لادێی (قادرکەرەم)!

بۆ ڕۆشنکردنەوەی شەقامی ژیانتان، بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەوشت و خووتان، بۆ بەهێزکردنی ئایینتان بە(خودا) و بە(ڕاستی)، بۆ ڕزگارکردنتان لە دەست نەزانی و، دەرد و، خەفەتباری و، هەژاری و، ستەم و زۆرداری، بۆ ئەمەی چێژکەی سەربەستی بکەن و، لە بەرووبوومی خۆشەویستی بخۆن، بەکۆمەکی هەندێ جوامێران و لاوچاکانەوە، ئەم ڕۆژنامەیەمان بۆ ئێوە هێنایە بوون. تکا دەکەین ئێوەیش ڕەنجمان بەبا مەدەن: بیخوێننەوە، یاخود بۆ کەسانی تری بخوێننەوە و، باش لە قسەکانمان وردبینەوە و، لە پێشخستنی خۆتاندا یارمەتیمان بدەن. بێجگە لەوە هەر کامێکتان ئارەزوو دەکات، بێتە لامان تێروپڕ سکاڵای دڵی خۆی بکات و، هەر داخێکی دڵی هەیە هەڵی برێژێ. هەر خواستێکیشی هەیە بەسەربەستی بیڵێ، تاوەکو ئێمەیش ئەوەندەی لە توانامیاندا هەیە یارمەتی بدەین و، بەسایەی ئەم ڕۆژنامەیشەوە کە هەر هەفتەی دوو جار دەردەچێ و، هەر جارەی بەیەک دانە دەردەچێ، لە خەڵک و خودایش یارمەتی بۆ داوا بکەین...

یارمەتی خۆتان بدەن، خودایش یارمەتیتان دەدا...

ئیتر لە ئێمەوە کۆشش و لە ئێوەیشەوە یارمەتی...

پشت بەخودا...

١٩٤٢/٦/٢٥

براتان: شاکر فەتاح

(کارگێڕی لادێی قادرکەرەم)

هاتنەوە

لە لاوانی لادێی قادرکەرەم: (مارف عەبدولکەریم)، لە خوێندنگای دووەمینی کەرکووکەوە، (حوسێن عەبدولکەریم)، لە زانستگای (خونکار فەیسەڵ)ەوە، (ئیبراهیم محەمەد) لە زانستگای ئەندازەوە، بۆ وچانی هاوینە هاتوونەتەوە لادێکەمان. چونکە گیانبەرز و کارگوزارن و دڵسۆزی نیشتمانی خۆیانن لە کانی دڵەوە ماندوونەبوونییان لێ دەکەین.



خوێندنگای قادرکەرەم

لەژێر سەرپەرشتی کارگێڕی لادێی قادرکەرەم (شاکر فەتاح)دا، کاک (مارف عەبدولکەریم) و (کاک حوسێن عەبدولکەریم) و (مامۆستای مزگەوت مەلا ئەحمەد)، ئەمە چوار پێنج شەوە بەجووتیار و فەرمانبەرەکانی قادرکەرەم دەخوێنن و، مێشکیان بەتیشکی زانست و هونەری ژین ڕۆشن دەکەنەوە. شاگردەکانی خوێندنگاکەمان شەو بەشەو زۆر دەبن. ئێستە (٢١) شاگردی تێدایە. جا چونکە ئەم کردەوە پەسەندە تەنیا بۆ پێشخستنی خەڵکی لادێکەیە و، بێ پارە پێشکەش دەکرێ، لە کانگای دڵەوە سوپاسی جوامێری و نیشتمانپەروەرییان دەکەین.

## ناودارەکانی قادرکەرەم

(شێخ حەسەنی قەرەچێوار)

(شێخ حەسەن) کوڕی (شێخ عەبدولکەریم)ی (شێخ قادر)ی قازانقایەیە. لە ساڵی ١٢٦٥ی کۆچیدا لە کەرکووک لە دایک بووە. پێنج ساڵان بووە کە باوکی لە ناوچووە. لە منداڵییەوە دەستی کردووە بەخوێندن. نەگەیشتۆتە (٢٥) ساڵی زانستی دینی ئیسلام و زمانی عەرەبی تەواوکردووە و، قورئانیشی بەتەواوەتی کردۆتەبەر. ڕەوشت و خوویەکی هێمنانە و جوان و شیرینی هەبووە و، پارێزگاری دینەکەی خۆی بەتەواوەتی کردووە. پاش خوێندن وازی لە کەینە و بەینەی جیهانی هێناوە. چەند ساڵێ چووەتە (خەڵوە)وە و، بەڕاستکردنەوە و پوختەکردنەوەی ڕەوشتی خۆیەوە خەریک بوو. ئینجا چۆتە کن (حاجی کاک ئەحمەدی شێخ) لە سلێمانی و، لای ئەو تۆبەی وەرگرتووە. ئینجا (خەڵوە)ی بەجێ هێشتووە و دەستی کردووە بەئامۆژگاری کردنی خەڵک و، ڕێگای چاک پیشاندانیان. وە بۆ پێکهێنانی ئەم مەبەستە بەرزە گەلێک بەم لاو بەولادا چووە، تا بەغدا، کۆی، خۆشناوەتی، مەریوان، شارەزوور، خانەقین، قەسری شیرین و، گەلێ شوێنانی تری بەخۆی ناسیوە. تۆبەی کەسی دانەداوە تا فێری خوێندنی (فاتیحە) و ئادابی دینی نەکردبێ. گەلێ شەو بەبێداری ماوەتەوە. هەمیشە چاوی لە هەژارەوە، بووە، هەتا بەزەیی بەدرندەیشدا هاتۆتەوە. گەلێ جار گا و مەڕ و بزنی سەربڕیوە بۆ چەقەڵ و گورگ و ڕێوی، فڕێی داوە کە بەشەو بیخۆن. لە گوتنی ڕاستیدا لە کەس نەترساوە و چاوی لە کەس نەپۆشیوە. زۆر ڕقی لە سمێڵی زل و لووتبەرزی و کەشوفش و خۆنواندن بووە. زۆر جار ئەو تەرحە کەسانەی سەرزەنشت کردووە. بۆ لابردنی دوشمنایەتی ناو هۆز و خێڵانی ئەو ناوچەیە گەلێک کۆشاوە. بەیەک چاو سەیری گشتی کردووە. بەڵام بەش بەخۆی زۆر کەمتەرخەم بووە و، زۆر چاوپۆشی لە دوشمنەکانی خۆی کردووە. هەتا ئەو کەسەیش کە کاکی کوشتبوو، هاتبووە لای، سەرزەنشتی نەکردبوو، بەڵکو دڵی دابووەوە و گفتوگۆی خۆشی لەگەڵ کردبوو. (شێخ حەسەن) لە (١٣٢٤ھ)دا گیانی سپارد.

## ژینی کۆمەڵی

(کێ خۆشتر ئەژییێت لە قادرکەرەمدا؟)

«نووسینی: مارف عەبدولکەریم»

باوەڕ بکەم ئەمە پرسیارێکە وەرامی زۆر ئاسان نییە. بۆ نموونە باسی خۆمتان بۆ بکەم: من ناخۆش ئەژیم. چونکە لە ماڵێکدام دوو سێ بەشە. لەهەر لایەکی بم بەشەکانی تر لێم دڵگیر دەبن. وە لەم چەشنە ماڵانەدا، نەک من، کەس تیا خۆش ناژی. ئەگەر باوکە دڵی کوت کوتە، هۆشی بڵاوە. ئەگەر سەرنجی کوڕ و کچ بدەین ئەبینین کە برا و خوشکێتیان تەواو نییە. چونکە هەریەکە بەرەی دایکێکن. وە ژنەکانیش هەریەکە بۆ ماڵەکە دەرد و ئازارێکن. جا کە دێمە ماڵەوە، ئەبێ لە گیانی خۆم وەڕس ببم. چونکە قاو و قیژ و هەرا و هۆریا ساتێ سرەوتم نادا. هەریەکە لە ئاوازێک لێ ئەدا. لەبەر ئەوە لە هیچیان ناگەم. باس یان باسی متوموورووە، وە یاخود چەوت و چەوێڵی خەڵکی. یەکێ ئەڵێ کابرا چاوی خێلە. ئەوی تر ئەڵێ فیسار خوێنی ساردە. نەبوو جارێک ببیەم بڵێن، کابرا گەش و زبان خۆشە، وە یاخود فیسار یارمەتی داماوان ئەدات!...

(ماویە)

## مەتەڵ

«کۆکەرەوەی: عەبدول ئەزیز»

«تەماشای ژێرەوە مەکە، بزانم ئەم مەتەڵانە هەڵئەهێنی؟ ئەگەر هەڵت نەهێنا، ئینجا لە دامێنەوە سەیرکە، هەڵی ئەهێنی: چییە؟:

١- بنی تەسکە و دەمی بڵاوە، ئەگەر نایزانی ئەوە کڵاوە؟

٢- دەمەو خواری کەی پڕە، دەمەو ژووری کەی بەتاڵە، وەک پێشوو نەبێ یەجگار مەحاڵە؟

٣- سەری یەکە و بنی دوو، بەڕیشی باووباپیرتا هەڵچوو؟

٤- پێتەوە دەنێن لێت نابێتەوە؟

٥- هەر ئەڕۆیت و لێت بەر ئەبێتەوە؟

٦- تەڕی ئەکەی، بەلی ئەکەی بەخۆتیا ئەکەی؟

وەرامەکان ئەمەتان:

١- کڵاوە. ٢- کڵاوە. ٣- دەرپێیە. ٤- ناوە. ٥- شوێن پێیە. ٦- کەوچکە.

## هەواڵی دەرەوە

* شەڕ کە گشت لای جیهانی گرتۆتەوە، لە ڕاستیدا لەناو دوو کۆمەڵە دەوڵەتی گەورە گەورەیدا و، لە دوو سێ لای پان و فراواندایە، ئاگرەکەی نێڵەنێڵ دەسووتێ. دەستەی دیمۆکراتی کە بەریتانیا و ئەو



خاکانەی لەژێر دەستیدایە و ئەمریکای ژوورووی یەکدگیر و مەکسیکا و ڕووسیا و چینە، نزیکەی (١٢٠٠) ملیۆن کەسن. دەستەی دیکتاتۆریش کە ئەڵمانیا و فەرمانڕەواییەکانی ژێر دەستێتێ و، ئیتاڵیا و خاکەکانی ژێردەستی و، ژاپۆنیایە، ئەوانیش نزیکەی (٤٠٠) ملیۆن کەسن. لەلایەکەوە ئەڵمان و فەرمانڕەواییە داگیرکراوەکانی ئەوروپا، بەرامبەر ڕووس لەناو خاکی ڕووسدا، لەلایەکی تریشەوە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بەرامبەر بەریتانیا، لە ڕۆژئاوای ئەوروپا و زریێی سپی ناوەڕاست و لەلای ژووروی ئەفریکادا، لەلایەکی تریشەوە بەریتانیا و ئەمریکا و چین بەرامبەر ژاپۆنیا لەناو زریێی (هادی) و (هیندی)دا لە شەڕ دان. هەردوو لا چاوڕاو دەکەن و دەیانەوێ خەڵک وا بزانێ ئەوان لە سەرکەوتندان. بەڵام ڕاستییەکەی هەردوولا بەهێزن و، لە هەردوولاوە کوشتاری بێ شومار دەکرێ و، زیانی گەورە ڕوودەدات. هێشتا شەڕ بەلایەکدا نەکەوتووە. بەڵام گەلێ کەس لەو بڕوایەدان کە شەڕ نەگاتە ئەم زستانەی کە دابێت. چونکە تا ئەوسا وایان لێ دێ: هەردوولا ڕەچەڵەکی یەکتریان بڕیوەتەوە و ئەوەندەی نەماوە بڕستیان ببڕێ. هەر ڕووسیا و ئەڵمانیا بڵێین: لە پارەوە تا ئێستا سێ میلۆن و نیو لە ڕووس و، چوار ملیۆن و نیو لە ئەڵمان لە مەیدانی شەڕی ڕووس و ئەڵماندا کوژراوە.

* گەورەکانی هیندستان پەلەیان لە ئینگلیزەکان گرتووە، دەڵێن تا سەربەخۆییمان نەدەنێ، لە گەڵتاندا ناکەوینە ناو ئەم شەڕەوە!.

## پێکەنینی قادرکەرەم

(کۆکردنەوە و نووسەری: حوسێن عەبدولکەریم)

جارێک ڕەنجبەرێک دێتە لای ئاغاکەی بۆ گەنم. ئاغایش چوار قسناخ گەنمی ئەداتێ. چوار ڕۆژی پێ ناچێ ڕەنجبەرەکە دێتەوە سەر ئاغاکەی و، جارێکی تر داوای گەنمی لێ دەکاتەوە. ئاغا دەڵێت: ئێوە شەش کەسن، چ زوو ئەو چوار قسناخ گەنمەتان تەواو کرد؟... ڕەنجبەرەکەش ئەڵێ: ئاغام ئێمە خۆمان شەش کەسین. بەڵام هەژدە میوانی نەناسیاویشمان دێتە سەر ورگ، دەبینە بیست و چوار کەس. ئەی ئیتر چوار قسناخ گەنم چۆن بەشمان دەکات؟!.

***

# باسەڕە

ژمارە: (٢)

ڕۆژ: ١٩٤٢/٦/٢٩

پیتاک

بۆ ژیاندنی (خوێندنگای شەوی قادرکەرەم) و (باخچەی گشت لایی قادرکەرەم) و (ڕۆژنامەی باسەڕە) و ئەم جۆرە مەبەستانە، لەژێر سەرپەرشتی کارگێڕی لادێیی قادرکەرەمدا، سنووقێک بۆ کۆکردنەوەی پیتاک دروست کرا دراو دەدرێ بەکاک (عەبدولعەزیزی شێخ ئیسماعیل) و، بۆ وەرگیراو و بەختکراو لەو دەپرسێتەوە. ئێمەیش پەیتا پەیتا ئەوەی وەردەگیرێ و، ئەوەی بەخت دەکرێ، بۆ ئاگاداری هەموو لا لێرەدا دەینووسین. (لە ١٩٤٢/٦/٢٦)ەوە تا ئێستا (١) دینار و (٥٠) فلس کۆبۆتەوە. کارگێڕی لادێیی قادرکەرەم، (شاکر فەتاح)، (٧٠٠) فلس، کاک (مارف عەبدولکەریم)، (٢٥٠) فلس، کاک (عەبدولعەزیز ئیسماعیل) دوو تەختە و سنووقێک و (١٠٠) فلسی داوە. کارگێڕی لێ دەربچێ، لە کانگای دڵەوە سوپاسی جوامێری و نیشتمانپەروەرییان دەکەین. ئەم جارە بێتەوە لە بابەتی بەختکراویش دەدوێین.

باخچەی گشت لایی قادرکەرەم

لە مانگی ڕەشەمێ (شوبات)ی (١٩٤٢)ەوە تا ئێستا کارگێڕی لادێیی قادرکەرەم خەریک بوو. دوایی باخچەیەکی (٩٠٠) گەز چوارگۆشەیی لەسەر شێوەیەکی نوێ بۆ حەسانەوە و سەیرانی خەڵکی لادێیی قادرکەرەم پێکهێنا. باخچەکە ڕەنگاوڕەنگ، گەلێک دار و درەخت و چیمەن و سەوزە و میوەی تێدا ڕوێنراوە. خۆشبەختانە گەلێکی سەوز بووە. تا ئەمە پێکهات گەلێک پیاوی خاوەن هونەر و جوان کردار بەدار، بەقامیش، بەنەمام و شەتڵ و تۆ و، بەپارە، بەزەل، بەسەرپەرشتیکردن و فەرمانکردن، بەزەوی و بەئاو، یارمەتییان داین. بەڕاستی نازانین بەچ زمانێک سوپاسیان بکەین. بەتایبەتی بۆ (شێخ عەبدولکەریم) و (فاتمەخان)، بۆ ئاغاکانی زەنگەنەی ژووروو، بۆ (سەید موحەمەد عەلی کولەکانی)، بۆ (شێخ مەحموود و شێخ حەسەنی برای)، بۆ نووسیاری لادێیی قادرکەرەم کاک (ساڵح زەکی)، بۆ (تۆفیق) پیاوی کارگێڕ، بۆ کاک (نەعیم) فەرمانبەری تەندروستی (حوسێنی دەرگەوان)، بۆ (سەید ساڵحی دەرگەوانی کارگێڕ) و هەندێک لە جووتیارەکانی قادرکەرەم و گەلێ تر، لە کانگای دڵەوە سوپاسمان پێشکەش دەکەین و، داوای سەربەرزی و دڵخۆشییان دەکەین.

دەغڵودانی ئەمساڵ

ئەمساڵ لەبەر گرانی تۆو کەم چێندرا. بێجگە لەوە کەم بارانی و کوێر و، خەلەی ئەمساڵی پەرێشان کرد. لەبەر ئەوە دەغڵودانی ئەمساڵ بەگران نیوەی پار بگرێتەوە لە هەڵسەنگاندندا کە لەم ڕۆژانەدا تەواو



بووە، خۆشبەختانە، جووتیارە بەسەزمانەکان، لەم ڕووەوە یارمەتی درابوون. ئەمساڵ جۆ باشتر بووە لە گەنم، چ لە زۆریدا، چ لە بەهێزیدا.

خواستی کارگێڕی لادێیی قادرکەرەم

لەم ڕۆژانەدا، کارگێڕی لادێیی قادرکەرەم، ئەم شتانەی لە جێنوشینی ناوچەی تاووق داواکردووە:

١- دروستکردنی پردێک لەسەر چەمی باسەڕە.

٢- کردنەوەی پۆلی شەشەم لە خوێندنگای ڕۆژی قادرکەرەمدا.

٣- خوێندنگایەکی شەوی بکرێتەوە لە دێیی قادرکەرەمدا.

٤- سێ خوێندنگای تریش بکرێنەوە لەناو گوندەکانی لادێکەدا خودا بکات ئەم خواستانە بەزوویی پێک بێن.

## پێکەنینی قادرکەرەم

پەنگی شەکر فرۆش

شەکر فرۆش: کوڕە هەی کابرا نابێ شەرمت ببێ؟ ئەم کەر و عەلیشیشانە چییە هێناونەتە ناو دووکانەکەمەوە، پیست کردووە؟

جووتیار: مامەی شەکرفرۆش! ئەمە دوو مانگە ماڵ و منداڵم چاوەڕوانی شەکر دەکەن. بەخودایەک کە خودایە نەمکوژیت بێ شەکر ناچمەوە دێیی خۆم!.

شەکرفرۆش: کەللەی بەچوارسەد فلسە دەیکڕیت؟

جووتیار: ئەم کەرەم بمرێت لێت ناشارمەوە؛ لە کەلوپەلی ماڵێم هیچ نەماوە نەمفرۆشتبێ بۆ شەکر، ئەم کەر و عەلیشیشانە نەبێت. تۆیش خۆت و خودای خۆت. ئەم عەلیشیشانە بەچەند دادەنێیت دایبنێ، بایی ئەوەم شەکر بدەرێ. ئەوەندەی نەماوە زیڕە بکەم بۆ چایەک.

شەکرفرۆش: دەک بەقوززەقورتت بێ!. چی بکەم لە دەست تۆ؟. ئەوا لە جیاتی هەر سێ عەلیشیشەکەت نیو کەللە شەکرت دەدەمێ!... باشە؟!...

جووتیار: باشە. خودا بتکا بەحاجی!. بەڵام توخودا، ئەم جاشەکەرەیش لای خۆت گل بدەرەوە، بام (سەلەم) بێ لات، بۆ شەکری مانگەکەی تر!!.

## ژینی کۆمەڵی

کێ خۆشتر ئەژییێت لە قادرکەرەمدا؟

(نووسەری: مارف عەبدولکەریم)

(٢): پاشماوەیە

ئەمەیش لەوەوەیە کە لە منداڵیماندا خوو و ڕەوشتی چاکمان پیشان ئەدراوە و خۆشی چاکەمان نەچێشتووە. کەوابوو پێویستە لەسەر گەورەی ماڵ، خوو و ڕەوشتی جوان بەمنداڵی خۆی بناسێ، وەک:

خوێندەواری، لە پاشملە نەدوان، هاوسێ یاریدەدان، دەستی داماوگرتن، برایەتی و دۆستایەتی و ڕاگرتن و، نازی یەکگرتن. ئەگینا هەر خوویەک خراپ بێ و بێتە مایەی شەڕ و شۆڕ و ناکۆکی لەگەڵ کەسوکار و بێگانە ئەوە دەگرن. بێگومان ناخۆشی ژینمان لەمەوە ڕوودەدات کە گەورەی ماڵ لەبەر خۆپەرستی خۆی نایپەرژێتە سەر پەروەردەکردنی منداڵەکانی. هەر لەوە دەگەڕێ چاوبپڕێتە ماڵی هاوسێکانی، یاخود تۆڵەی کۆن بسێنێتەوە. ئەگەر تۆزێ خۆی ڕابهێنێ بەجوامێری و چاکییەوە و، لە جیاتی ئەو خۆپەرستی و ڕق و قینەبەری و چاوبرسێتییە، خۆشەویستی بخاتە دڵی خۆیەوە بۆ خەڵک، خۆیشی و منداڵەکانیشی، وە لە دواییدا هەموو لایەک، ژینێکی خۆشتر و بەختیارتر ڕائەبوێرن.

## خوداناسی

پرسە

(نووسینی: مامۆستا مەلا ئەحمەد)

پرسەچوون ڕەوشتی پێغەمبەرە. پێغەمبەر فەرموویە: هەر موسوڵمانێ سەرخۆشی لە موسوڵمانێکی تر بکات، لە دواڕۆژدا خوا سزای ئەداتەوە. بەڵام پرسەی ئەم وەختە گوناهی زۆرترە لە چاکەی. چونکە لە باتی دڵخۆشکردنی خاوەن مردوو دڵی تەنگتر ئەکرێ. بەپیاو و ژن و منداڵەوە ئەچینە پرسە. کەچی ڕاستییەکەی مەبەسمان پلاو و گۆشت و چایی خواردنە. خاوەن مردوو دەخەینە سەر ساجی عەلی. وە وای لێ ئەکەین مردووی لە بیر بچێتەوە. لە کابرایەکیان ئەپرسی بۆچی ئەگریت، خۆ هێشتا کورەکەت نەمردووە، گیانی تیاماوە؟. پێی ئەگوتن: من بۆ کوڕ مردن ناگریم، بۆ نانی پرسە پەیداکردن ئەگریم کە نازانم چۆنی پەیداکەم!. جا پرسە کردنێ بەم جۆرە بێ، خەمی ئەو خاوەن مردووە زیندوو ئەکاتەوە. دانیشتن بۆ پرسە ناپەسندە. هەرچەندە (عائیشە)ی ژنی پێغەمبەر فەرموویەتی کە پێغەمبەر لەتاو کوشتنی (زەیدی حاریس) و (جەعفەر) و (ئیبن ڕەواحە) لە مزگەوتدا بەخەمباری دانیشتبوو، بەڵام ئاینی شوناسانی فەرموویانە کە ئەو دانیشتنی پێغەمبەرە بۆ پرسە نەبووە. لەبەر ئەوە نابێ پرسە بکرێتە ڕەوشت. پرسە هەتا سێ ڕۆژ (سوننەت)ە. پاش سێ ڕۆژە ناپەسەندە. وەها دروستە هاوسێ و دراوسێی ئەو مردووە نان و چێشت دروست بکەن و بۆیان بنێرن.

(ماوە)

## هەواڵی دەرەوە

* شەڕ و کوشتاری جیهانی هەر لە برەودایە.
* ئەڵمانەکان (توبروق) و گەلێ شوێنی تریان لە ئینگیزەکان داگیر کردووە.
* ئینگلیزەکان کشاونەتە ناو سنووری (میسر)ەوە.
* (میستەر چەرچل)، سەرۆکی کاربەدەستانی بەریتانیا خەریکە بەیارمەتی دەوڵەتە سوێنخوارەکانەوە کۆڕێکی شەڕی تر بۆ ئەڵمانەکان بکاتەوە.



* دەڵێن چەند کەشتییەکی (تورکیا) نقووم کراوە. ئینگلیزەکان و ئەڵمانەکانیش هەوڵ دەدەن بیسوون بەسەر یەکدا و تورکیا بخەنە تەک خۆیان.

## پیاوە گەورەکانی قادرکەرەم

(سەید موحەمەدی جەباری)

«نووسینی: سەید حوسێنی سەید محەمەدی جەباری»

(سەید محەمەد) کوڕی (سەید سەمەد)ە. لە ساڵی ١٢٩٧ی کۆچیدا لە دێی (مەحموود پەریزاد)، کە لە لادێی (قادرکەرەم)دایە لەدایک بووە. لە تەمەنی دە ساڵاندا چۆتە بەر خوێندن. زبانی عەرەبی و تورکی وەک کوردی فێر بووە. پاش تەواوکردنی خوێندن، باوکی جڵەوی هەموو کاروبارێکی داوەتە دەست. (هۆزی جەباری) کە سەرنجیان دا (سەید محەمەد) دەیەوێ کار و فەرمانی باشیان بۆ بکات، وە بۆ خۆشی و ئاسوودەییان تێ دەکۆشێ و خۆی ماندوو دەکات، هەموو ڕوویان تێ کرد، وە بەگەورەیەکی خۆشەویستی خۆیان دایانا. ڕەوشتێکی زۆر پاک و لەسەرخۆی بووە. ماڵ و منداڵی هۆزی جەباری وەک ماڵ و منداڵی خۆی تەماشاکردووە. وە لە هەڵسووڕاندنی کاروبارییاندا زۆر بەوریایی جوولاوەتەوە. گەلێک جار ئەوانەی لێی دڵگیر بوونایە، (سەید محەمەد) خەڵاتی دەکردن. وە هەر کامێکیان هاتوچۆی نەکردایە، سەید محەمەد دەچووە ماڵی، دەستی دەکردە ملی و پێی دەگوت: «برا تۆ دڵگیریش بیت، من دڵگیر نابم. تۆ چیت دەوێ پێشکەشت بێ، من نامەوێ بۆ تۆ». بۆ ئەوەی هۆزەکەی نەشێوێت وە بەیەک دڵی بهێننەوە، هەر ساڵە دوو ساڵێ لە دێیەکیان دائەنیشت. بەم ڕەنگە هەتا مردن، هۆزەکەی خۆی خۆش دەویست. وە هۆزەکەشی ئەوی خۆش دەویست. ساڵی ١٣٥٤ی کۆچی گیانی پاکی سپارد.

باسەرە: ئێمەیش ئاواتەخوازین: خودا پیاوی وەک (سەید محەمەد) لەناو لادێکەماندا زۆر بکات. خۆزگە گەورەکانی ئێستایش چاویان لە (سەید محەمەد) دەکرد.

## گەورەیی

(گەورەیی) بەخۆڕایی دەست ناکەوێت. گەورە ئەگەر بچووکیی بچووک نەکات نابێتە گەورە. گەورە لە ڕاستیدا ڕەنجبەری بچووکە.

# باسەڕە

ژمارە: (٣)

ڕۆژ: ١٩٤٢/٧/٢

## ئاشتبوونەوە

لەوەتی کارگێڕی لادێی قادرکەرەم هاتۆتە ئێرە تا ئێستا بۆ ئەوە تێدەکۆشێ کە ناکۆکی و کۆنەقین و دڵشکاوی و شەڕوشۆڕ لەناو هۆز و خێزانەکان و پیاوە ناودارەکانی لادێکەدا هەڵبگرێ و، لەگەڵ یەکدا ئاشتیان بکاتەوە. خۆشبەختانە لە گەلێ لادا ئەم کۆششەی سەری گرت. مانگی پێشوو (عەبدولکەریم ئاغای زەنگەنە) و هەندێ لە ئاغاکانی زەنگەنەی ژووروو، لەم چەندانەیشدا (شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم) و (جەلال ئاغای زەنگەنە)ی ئاشت کردەوە. خودا بکا ئەوانی تریش هۆشیان بێتەوە سەرخۆیان و چاو لەمان بکەن.

## نەوتی گل

ئەمە مانگێکە (نەوتی گل) کە لە لادێکەماندایە، لەلایەن چەند شێخێکی تاڵەبانییەوە هێنراوەتە بەرهەم. وەک بەراوردمان کردووە نەوتەکەمان بەشی هەموو دانیشتووانی لادێکەمان دەکات. چونکە ڕۆژی (٢٤) تا (٣٠) تەنەکە نەوت دەردەهێنێ. بێجگە لەوە، گەلێک خاوەن چوارپێ و کرێکاریش بەهۆی ئەم نەوتەوە فەرمانیان دەست دەکەوێ و دەژین. بەقسەی شێخەکان، لە دوای هەموو پارە بەختکردنێک، ڕۆژی دوو دیناریان بۆ دەمێنێتەوە. ئێستا تەنەکەی نەوتی سپی دەدەن بەسەد فلس.

## پێکەنینی قادرکەرەم

دزی

«نووسینی: حوسێن عەبدولکەریم»

شێخێک و مەلایەک و نەخوێندەوارێک دەچنە دزیی باخێک. دەست دەکەن بەمیوەخواردن. لە پڕ خاوەن باخ دێ بەسەریاندا، دەیانگرێ. ئینجا پێیان دەڵێ: «من لە شیخ و مەلا دڵگیرنیم میوەکەیان خواردووم. چونکە ئەوان ئایینمان پیشان دەدەن. کابرای نەخوێندەوار تۆ بۆ هاتوویت دزی دەکەیت؟». ئەوەندەی لێ دەدات، تا دەکەوێت. دوایی بەمەلا دەڵێ: «مامۆستا لەبەر پێغەمبەر دڵی شێخ ناشکێنم. بەڵام بەخودا تۆ دارکاری دەکەم!». مەلایش شلکوتی مەرگ دەکات. ئینجا دەڵێ: «یا شێخ ماینەوە خۆم و خۆت. بەخودا وا چاکە بەشی تۆ لە هی ئەوان زۆرتر بێ!...». ئەوە دەڵێت و سەر و ملی شێخیش دەشکێنێ!...



## ڕەزای چەم سورخاوی

(ڕەزای چەم سورخاوی) یەک دوو مانگ دۆی بەماڵی فەرمانبەرێک دەفرۆشت. هەتا بڵێی دۆیەکەی پاک و پوختە و خۆش بوو. کەچی لەم ڕۆژانەدا کە لە شەکر وەرگرتن هیوا بڕا، تا دوو سێ ڕۆژ ئاوی دەکردە ناو دۆیەکەوە. پاشان ئەویشی بڕی!...

## ژینی کۆمەڵی

(وت و واتی قادرکەرەم)

«نووسینی: مارف عەبدولکەریم»

یەکێک لە کەموکورتی ئەم ناوچەیە ئەوەیە کە لەسەر سووچ و گوناهی یەکتر ئەدوێن. هەموو چاومان لە یەکتر بڕیوە، بۆ ئەوەی یەکێکمان پێی هەڵ ئەنگوت، لێی بکەینە هەڵڵا. کابرا هەر لە یەکەم هەڵەیەوە وای سەر لێ تێک دەدەین، هەموو پێ هەڵهێنانەوەیەکی ببێتە ساتمە. ڕۆژێک لە یەکێکیانم پرسی، وتم: «زۆر ناشیرینە ئەم وت و واتە کە بەیەکەوە دەیلێین». وتی: «بەخوا هەرچی ببیەم تا دوو سێ مانگ نەیدەمە بەرچاو وەلێم ئاشکرا نەبێت، وە لەناو خەڵک و دیوەخاندا نایگێڕمەوە»، وتم: «ئەمەت بەدتر. چونکە خوا فەرموویە: لە شوێن سووچی یەک مەگەڕێن وە لە پاشملە لە یەکتر مەدوون. خودا نەبێت کەس هەیە بەهەڵەدا نەچێ؟... بەهەڵەیەک پیاو لە کەلک ناکەوێت. سا هەر هێندەی هەڵەکەی گوناهی دێتە سەر. تۆ ئیمڕۆ لە سووچی من بدوێیت، منیش سبەینێ لە سوچی تۆ ئەدوێم، جا زۆری پێ ناچێ هەردوو ئەبینە دوژمنی یەک. وە جێ بەیەکتر لەق دەکەین. وە لە ئەنجامدا ناوچەکەیش بەهۆی خۆمانەوە تێک و مەکان ئەدەین. لەبەر ئەوە پێویستە لە هەموو کەموکورتییەک چاو بپۆشین. وە ئەبێ بزانین کە سووچی یەکێکمان سووچی گشتمانە. جا چونکە گشتمان دانیشتووی یەک دێین، ئەگەر لە گوناه و هەڵەی یەک ببوورین و وەچاو ببڕینە ڕاستکردنەوەی ڕەوشتی خۆمان، زۆری پێ ناچێ هەموو پیاوچاک و ڕەوشت پەسەند ئەبین. لە کەموکوڕیی خۆت ورد بەرەوە، کەموکوڕی خەڵکت لە بیر ئەچێتەوە».

## پێشینان فەرموویانە

١- نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ کوشتیار.

٢- لەگەڵ ئەسڵان هەموو فەسڵان، لەگەڵ نائەسڵ هیچ فەسڵ.

٣- تا بەد نەبینی، بەدخانە بەیاد ناکەیت.

٤- بچۆرە شارێ کە کەس نەتناسێ، خۆت هەڵبکێشە پڕ بەکراسێ.

٥- لە جێی سندان، قوززەقورتە.

٦- چاکە چاکەی لە دووە، خراپەیش خراپە.

## کرد و کۆشی

(شەکر و چا)

نووسینی: ئیبراهیم محەمەد (قەڵامکایل)

ئەم خەڵکە وەها گوروفتاری (شەکر و چا) بووە، ئێستا حۆقەی شەکر بەنیو دینار و حۆقەی چا بەدینارێک دەکڕێ. ئەوانەی نانی شەویشیان نییە، دەیانەوێ چا بخۆنەوە، لایان وایە نەخواردنەوەی سووکی و چرووکییە. براگەل! باش وردبینەوە: ئەو پارەی کە لە مانگێکدا ئەیدەن بەشەکر و چا، دەتوانن ئەگەر وازی لێ بێنن، هەموو داماوییەکتانی پێ تەواو بکەن. جا وا باشە بەیەکێک بڵێن: بەخوا کابرا چا خۆرێکی وا بوو حۆقەی شەکری بەنیو دینار دەکڕی و، ماڵ و منداڵەکەی بێ خواردەمەنی دەهێشتەوە. یاخود بڵێن: بەخوا پیاوێکی مەرد بوو، خۆی و ماڵ و منداڵەکەی پۆشتە و پەرداخ ڕائەگرت و، چایی نەئەخواردەوە؟ جا تکاتان لێ ئەکەم، زوو خۆتان لەم چا خواردنەوەیە بکێشنەوە. وە لەمە بەولاوە کەلوپەلی ناو ماڵتانی بۆ مەفرۆشن. کەس بێ چا نامرێ وە نەخۆش ناکەوێ و پەکی کار و فەرمانی ناکەوێ. هەر تۆزێ خۆتان ڕاگرن وە ئارام گرن هەموو کارێک ئاسانە. وە بڕوا بکەن ئەو تەرحە چایی خۆرانە پاشەڕۆژیان ماڵوێرانییە. سا یا لەسەر چایی بۆی ئەچنە بەندیخانەوە، وە یاخود ناچار ئەبن دەس پان کەنەوە لەم و لەو.

## خوداناسی

(پرسە)

نووسینی: مامۆستا مەلا ئەحمەد

(٢) پاشماوە

وە بەزۆر دەرخواردیان بدەن. هەتا شەو و ڕۆژێک نان و چێشت خواردن لە ماڵە مردوو دروست نییە. پێویستە لەسەرمان لەم خووە خراپە لادەین. وە لەسەر دەستدارەکانیشمان پێویستە کە نەهێڵن لەمەولا پرسە بەو ڕەنگە بکرێ کە لەناو ئێمەیشدا باوە. پرسەکردن بەقاقەز ناردن پێک دێت. وە لەدێیەک ناشیرینە دوو سەد کەس بچنە سەر پرسە!... چوار کەس بنێرن بەسە. ئەو چوارەش ناشێ نان و چێشت بخۆن، هەتا دوو ئەوەندەی نانخواردنەکەیان دیاری نەبەن. جگە لەوە ئەبێ نەشتوانن بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان، یاخود لەو دێیە کە پرسەکەی تێدایە کەسی وا نەبێت کە نانیان بداتێ، یاخود میوانداریان بکات. ئەگینا ئەوەش ناشێ.

## هەواڵی دەرەوە

* شەڕ و کوشتاری جیهانی هەر پەرەدەسێنێ.
* زۆر دوور نییە بەم زووانە (ڕووس) و (ژاپۆن)یش بچن بەگژیەکدا. چونکە لەم ڕۆژانەدا کەشتییەکی ڕووسەکان نوقوم کراوە. ڕووسەکان لە ژاپۆنەکانیەوە دەزانن.



## ژینی کوردەواری

(گۆرانی نیوەڕۆ)

لە ١٩٣٩/١١/٤دا گوتراوە

نووسینی: شاکر فەتاح

(١)

ئازیز برسیمە وا نیوەڕۆیە
برسێتیم ئۆباڵ بەئەستۆی تۆیە
خۆرشات نایابە و سفرەت ڕەنگین کە
دانیشە و وەک گوڵ هەوار نەخشین کە
بمگەشێنەوە و بخۆ لەگەڵم
بەگفتوگۆی خۆش ڕۆشن کە دڵم
بەڵکو پێم کەوێ و نۆشی گیانم بێ
فریشتەی شادی دەست لەملانم بێ
ئازیز لەرزانە، نازک تەرزانە
ژین و بەزم و نۆشی ناو نازدارانە

(٢)

کراس و دەسماڵ سوخمە و کەوای شەنگ:
پیرۆز بێ ئازیز بەرگی ڕەنگاوڕەنگ
لە لەش چەسپیون جوان و توند و تۆڵ:
گوڵ بۆ گۆڵ باشە شۆخی گورج و گۆڵ
هەستە سەر مەست کە، دڵم پەیوەست کە
گیانم کە کۆتە و بەندی سەربەست کە
دڵ داخورپێنە! شێوەت شیرینە
شەماڵ بۆی شەوبۆی قژیم بۆ بێنە
ئازیز لەرزانە! کۆڕی یارانە
بەلار و لەنجە وەرە ئێرانە!

(٣)

بەناز و نیاز هەستە هەڵپەڕە!
هەڵپەڕە، ئازیز، تو خوا داپەڕە!

پانی بەرز شەقەقە و تەقەقەی بێ لە دوور
پاوانە و بازن بکەن خرنگ و هوور
سرنگەی قەتارە و گەردانەی لامل
ورشەی دەسماڵی ڕازاوە وەک گوڵ
جۆرە سازێکن گیان دەهێننە جۆش
گوڕەی کوڕێنیم دەهێننە خرۆش
ئازیز لەرزانە! باڵا بەرزانە
تافی هەڵپەڕکێ و بەزمی یارانە

(٤)

پڵپڵەی گەردانت بلەرێتەوە
لەرەی گوارەی گوێت نەگیرسێتەوە
گوڵی لاگیرەت بچریسکێتەوە
سنگ و مەم بەرز و نزم بێتەوە
کەمەرە و لوولەت بچێ و بێتەوە
مێخەکبەند جوولەی نەوەسێتەوە
ئاوڕەگ[1] لە گۆنات گلور بێتەوە
مەستم کا و هۆشم هەر نەیێتەوە!
ئازیز لەرزانە! شایی یارانە
ژین بەزم و ڕەزمی ناو نازدارانە

(ماویه)

***

(١) ئاوڕەگ: ئارەق.



## باسەڕە

ژمارە: (٤)
ڕۆژ: ١٩٤٢/٧/٦

## هەواڵی ناوەوە

(بەختکردن)

لە باخەڵی خوێندنگای شەوی قادرکەرەم ئەمانە بەخت کراون:

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٠ | بۆ دەفتەر و پێنووس و لاستیکی شاگردەکان |
| ١٤٠ | ٠ | بۆ شەکر و چایی شاگردەکان |
| ٥٠٠ | ٠ | بۆ بیست دانە (ئەلف و بێ) بۆ شاگردەکان |
| ٠٤٠ | ١ | هەمووی |

پیتاک

(شێخ ئیسماعیلی شێخ عەبدولکەریم)، (١٠٠) فلس، فایەقی باڵباز (٥٠) فلسی پێشکەشی خوێندنگای شەوی قادرکەرەم کردووە. لە دڵەوە سوپاسیان دەکەین. بە(١,٠٥٠) دینارەکەی پێشووەوە پیتاکمان گەیشتە ١,٢٠٠ دینار.

هاتنەوە

(مستەفا فەقێ محەمەد)، کە دووکاندارێکی قادرکەرەمە، لەم ڕۆژانەدا لە سلێمانییەوە هاتەوە قادرکەرەم. ئەم کوڕە چونکە بۆ هاوسێ و کەسوکاری خۆی بەکەلکە و، دڵی بەهەژار و لێقەوماوان دەسووتێ و، یارمەتی بێچاران دەدات، لە دڵەوە ماندوو نەبوونی لێ دەکەین.

شەڕی تاڵەبانی و جاف

لەسەر چەند پارچە زەوییەک (شێخ وەهابی تاڵەبانی) و (داوود بەگی جاف) بەخۆیان و هۆزیانەوە چوون بەگژیەکدا و، چەند کەسێکیان لە یەکتر کوشتووە و بریندار کردووە. بەم بۆنەیەوە تاڵەبانییەکانی لادێی ئێمەیش بەسی چل تفەنگێکەوە چوونەتە یارمەتی شێخ وەهاب. تاڵەبانییەکان بانگی زەنگەنەکانیشیان کردبوو کە وەک پێیان گوتبوون: «ئێمە حەز لە شەڕکردن ناکەین». نازانین تاکەی ئەم خۆپەرستی و ناکۆکییە لەناو هۆزەکانماندا دەمێنێ؟! خودا پێداوان وا کردەوە و ڕەوشتی مەردانەیان گرتووە، کۆمەڵ دەبەستن بۆ پاراستنی گیانلەبەران و، بەزەییبیان بەدڕندە و پەڕەندەیشدا دێتەوە. کەچی ئێمە تا ئێستایش بەزەییمان بەخۆیشماندا نایێتەوە!. ئاخ چەندە دڵڕەقین!!.

## مەتەڵ

(کۆکردنەوەی: عەبدولعەزیز، قادرکەرەم)

١- سواری نەزێ بووم. دام لە نەوەڕ. چووم بۆ نەکێڵ.

٢- سندووقێکم هەیە مەلامەت، تیا دەسووتێ قیامەت، بەتەڕی تێی دەخەم، بەوشکی دەری ئەکەم.

٣- وەستا و وەستا پاچ، وەستا زەرووره، چواردەوری ئاوە و، ناوی تەنووره.

٤- چەند دەوران دەورێ، دوو ئاو لە جامێ، هەریەک لە تەورێ.

هەڵهێنانیان: ١- واتا سواری قاتر بووم، دام لە ئاو، چووم بۆ خۆی. ٢- تەنووره. ٣- سەماوەرە. ٤- هێلکەیە.

## نەخۆشی کۆمەڵی

(پرسا بە و زانابە)

(نووسینی: مارف عەبدولکەریم - قادرکەرەم)

لەچاو وڵاتانی تردا ئێمە زۆر نەزان و پاشکەوتووین. واتا لەوانەین کە هەست بەو کارەساتانە ناکەین کە لە چوار دەورماندا ڕوو دەدەن. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر دڵسۆزێکی زانا لە ناوماندا بیەوێ شتێکمان تێ گەیێنێت، هەموو بەرپەرچی واتاکەی ئەدەینەوە. وە بێ لێکدانەوە لەسەر نەزانی خۆمان دەڕۆین. واتا: وەک کابراکە ئێمەیش دەڵێین: «بەدەنگی مەلامان باوەڕ نییە، بەزەڕەی کەرێمان باوەڕە!...». ئەم دەردە لە نەخوێندەواری و نەزانینەکەمان کاریگەرترە. چونکە بنچینەی هەردوو دەردەکەیە. هەر دەمێ ئەم خووە ناپوختانەیەمان لەناو خۆماندا هەڵگرت، بێگومان دەبینە تێگەیشتوو، وە پێش ئەکەوین. پێشینان فەرموویانە: «شتێک نازانی بپرسە». «پرسا بە و زانا بە».

## ناسکە قسە

(کۆکردنەوەی: حەسەن موحیەدین - قەرەچێوار)

١- سوار تا نەگلێ نابێ بەسوار.

٢- گۆم تا قووڵ بێ مەلەی خۆشە.

٣- دوو شووتی بەدەسێ هەڵناگیرێ.

٤- ماڵی خۆت قایم کە، سەگی خەڵکی بەدز مەکە.

٥- سەر بۆ سەربڕین، نەک بۆ سەرزەنشت.

٦- گۆزە لە ڕێی سەرئاوا ئەشکێت.



## دەزانیت؟

١- کە لادێیی قادرکەرەم هێندەی لادێی سەنگاو و ئەغجەلەر پێکەوە فراوان دەبێت؟. دە هەزار کەسیشی لە کورد تێدایە؟

٢- کە چوار هۆزی گەورە: (زەنگەنە)، (جەباری)، (شێخانی و بەرزنجی) و (تاڵەبانی) لەناو ئەم لادێیەدا کۆبوونەتەوە؟

٣- کە کانی (نەوت) و (گەچ) و (گەڕاو) و (خوێ) لەناو ئەم لادێیەدا هەیە؟

## ژینی تایبەتی

(ماندووبوون)

کەم ڕەنجبەر و جووتیار هەیە لە جیهاندا هێندەی جووتیار و ڕەنجبەری ئەم لادێیە کار و فەرمان ببینێ. لە شەو و ڕۆژێکدا بەلای کەمەوە دوانزە تا شانزە سات کار دەکەن. هەشت ساتەکەی ترکە دەمێنێتەوە، نانیان تێدا دەخۆن، نوێژیان تێدا دەکەن. لاڵ و پاڵ لێی دەکەون وەک مردوو بەڵکو زۆریان، ئەگەر نەڵێم گشتیان، ڕۆژە هەینی (جومعە)یەکان و ڕۆژە جەژنەکانیش هەدای باڵی خۆیان نادەن، هەر کار و فەرمان دەبینن. لە یەکێکیش وایە -کە ئەمە لە ڕووی کارگوزاری و هونەرمەندیانەوەیە کە ئەمەندە کار دەکەن و، لەبەر ئەمە دەبێ لە ناویاندا لە دەوڵەمەند بەولاوە کەسی تر نەبینرێت!. کەچی وا نییە. لە ڕاستیدا لەلادێیی قادرکەرەمدا کەم دەوڵەمەند هەیە. ئەم کارو فەرمان زۆرییەش یان لە ڕووی دڵ وشکی و بەربەرەکانێ و چاوبرسێتی و چاولێکەرییەوەیە. جا لەبەر ئەمەیە کەوا هەژار و گێژ و بێ دەسەڵات و پاشکەوتوویان دەبینین!. چونکە کەسێک بەم ڕەنگە خۆی ماندوو بکات، توانایی ئەمەی نامێنێ لە کاروبار و ژینی خۆی وردببێتەوە و، هەوڵێ بدات بۆ ڕازاندنەوەی ماڵەکەی و دڵخۆشکردنی منداڵەکانی و، بۆ پێشخستنی خۆی. نە نانی نان دەبێ و، نە ئاوی ئاو. بەڵکو هەمووی لێ دەبێ بەزووخاو!. خەویشی لێ دەبێتە گۆڕەوشار بێجگە لەوە بۆی ناکرێ لە گفتوگۆیشدا ژیرانە بجوولێتەوە. حەز بکا و حەز نەکا تووشی شەڕ و، گرفتاری خەم و خەفەت دەبێ. دەک خودا ئەم ژینە بەکەس نەدات!. چونکە ژینی پیاو ئەوساکە دەبێتە ژینی دڕندە و پەڕندە نەک ژینی جوامێران و پیاوچاکان. گیانلەبەریش لە خاکی خوداپێواندا ئەمەندە فەرمانی پێ ناکرێ!. لە ڕاستیدا دانیشتووانی ئەم لادێیە، تێکڕا ژینی پیاوە دڕندەکانی چوار پێنج هەزار ساڵ لەمەوپێش دەژین، واتا ئەو سەردەمەی لەناو ئەشکەوت و بێشەڵستاندا، بەتەنیشت دڕندە و پەڕندەوە ژیاون! نە خۆشی ژیانیان زانیوە، نە پیرۆزی!... بەڵام خاکە پێشکەوتووەکان لە مێژەوە ئەم خەمەیان خواردووە و، ناهێڵن کەس لە شەش تا نۆ سات بەولاوە، لەشەو و ڕۆژێکدا کار و فەرمان ببینن. لەمەیش مەبەستیان ئەوەیە کە جووتیار و ڕەنجبەر و کرێکار و فەرمان کارەکان لە هەر شەو و ڕۆژێکدا چەند ساتێکیان بۆ بمێنێتەوە، بۆ حەسانەوە و خۆش ڕابواردن و خوێندن و بیرکردنەوە لە (خۆ پێشخستن). بێجگە لەوە هەر هەفتەی ڕۆژ و نیوێک و، لە ساڵێکدا، ناو بەناو، هەر

جارە، چەند ڕۆژێک وچانیان دەدەنێ بۆ حەسانەوە و سرەوت و خۆش ڕابواردن. جا لەبەر ئەوەیە، کە ئەوان، وا پێشکەوتن!

ئەی ئێمە بۆ چ وا نەکەین؟!.

## هەواڵی دەرەوە

* ئەڵمانەکان لە(میسر)دا چوونەتە پێشترەوە. (مەرسا مەترووح)یشیان گرتووە.
* ئینگلیزەکانیش بەهەزار فڕۆکە (تەیارە) ڕۆژئاوای ئەڵمانیان تەزاندووە. سەرەکی کاربەدەستانی ئینگلیز (چەرچل) لە ئەمریکا گەڕاوەتەوە
* لە گشت لای ئەوروپادا کارەساتی شۆڕشگێڕانە دەستی پێ کردووە.
* پایتەختی ژاپۆنیا (تۆکیۆ) بۆمباباران کراوە.
* هیندییەکان لە هیندستاندا بۆ ئازادی خۆیان دەستیان کردووە بەخەباتکردن.
* شەڕی ڕووس و ئەڵمان لە جێی خۆیدایە.

## ژینی کوردەواری

(گۆرانی نیوەڕۆ)

نووسینی: شاکر فەتاح: لە ١٩٣٩/١١/٤دا گوتراوە.

(پاشماوە)

(٥)

سەماوەر بەزمێ، شۆخی زێڕین پۆش
سازێ، ئاوازێ، توخوا بێرە جۆش
سەری شاهانیت، قۆریەی گوڵڕەنگی
کەلارەی سەرخە! شاهان پەسەندی
پرشنگی زێڕین چۆڕی زیوینت
قۆریە! ڕەنگ لەعلت، لەعلی ڕەنگینت
ئازیز دڵخۆش بێ و بنەخشێتەوە
نەشئە پەخشان کا و بدرەوشێتەوە
ئازیز لەرزانە! نەشئەبارانە
سەماوەر گوڵی کۆڕی یارانە

(٦)

هەڵپەرکێ بەسیە، ئازیز وچانە
وەرە سانۆرەی دەست لەمەلانە!



سەماوەر جۆشا، ئاو هاتۆتە کوڵ
چا دەمی کێشا، بۆنخۆشە وەک گوڵ
سینی و جامی زەرد پیاڵە و شەکردان
چاوەڕوان لەبەر پەنجەی ناسکتان!
توخوا دەی ئازیز پڕ کە ئیستیکان
چاو و دەم بۆ چای دەسی تۆ شەیدان
ئازیز لەرزانە! چای ئێوارانە
ئاهەنگی چایی: شایی یارانە

(٧)

خواردنی ناوازە لەگەڵ شۆخ و شەنگ
ڕازاوە بەچەک، بەرگی ڕەنگاوڕەنگ
پشووی ئێوارێ نەی و سازی خۆش
ئاهەنگی چایی و هەڵپەرکێی بەجۆش
ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی ژیانن
بووژێنەرەوەی دڵان و گیانن
بێ ئاهەنگ ئازیز! ڕۆژێ مەبوێرە
تا پێت، دەکرێ خۆش ڕابوێرە
ئازیز لەرزانە! جێی نازدارانە
ژین کەیف و شایی و بەزمی یارانە

## پێکەنینی قادرکەرەم

شەڕە دەم

* (هەڵسەنگێنی بەرهەمی تەرخانکراو)[١]: سەید ئیبراهیم تۆ لە کەرکووک هاتوویتەوە، شەڕی ناو دەوڵەتان چیی لێ هاتووە؟ بۆمان بگێڕەرەوە.
* (سەید ئیبراهیمی قەڵامکایلی): شەڕی چی؟ نە شەڕ هەیە و نە شەڕم دیوە بکرێ!.
* (هەڵسەنگێنی بەرهەمی تەرخانکراو): دەک (گوێز و کوێر ئۆڵسون)[٢]، بۆ خۆت و ورياییت!.

(سەید ئیبراهیم): کوڕە ئەوەندە (گوێز کوێر ئۆڵسون) تا چاوت دەردێ.

***

(١) هەڵسەنگێنی بەرهەمی تەرخانکراو: موخەمینی ئەوقاف. (ش. ف)

(٢) بەتورکی (گوێز و کوێر ئۆڵسون) واتاکەی (کوێر بیت) دەگرێتەوە. (ش. ف)

# باسەڕە

ژمارە: (٥)
ڕۆژ: ١٩٤٢/٧/١٠

## زەماوەندی باخچەی گشت لاییی قادرکەرەم

بەبۆنەی تەواوبوونی (باخچەی گشت لاییی قادرکەرەم)ەوە، کارگێڕی لادێی قادرکەرەم لە شەوی هەینی ڕێکەوتی ١٩٤٢/٧/١٠دا ئاهەنگێکی کرد. فەرمانبەران و پیاوانی لادێکە لە قادرکەرەم خۆی و زەنگەنە و جەباری و شێخان و قەڵامکایل و قەشقە و چەم سوورخاوەوە هاتبوون. باخچەکە کرابوو بەچوار بەشەوە. هەر بەشەی یەکێک سەرپەرشتی دەکرد و، دوو کەسیش لەبەردەستیدا فەرمانیان دەکرد. دەستەی چایی و سەماوەر و قۆریە و پیاڵە و ئاوی خواردنەوە بەجیا دانرابوون.

تەخت و کورسی لەلایەکەوە دانرابوون. لاکێش و قاڵیش لە لایەکانی ترەوە ڕاخرابوون، لەسەر چیمەنە ناسکەکەی باخچەکە تەمیانی باخچەکە بەچرای ڕەنگاوڕەنگ ڕازێنرابووەوە. (چرایەکی لۆکس)یش لە ناوەڕاستی باخچەکەدا هەڵواسرابوو، بەهەموو هێز و هەرەتێکەوە پرشنگی دەدا، هەموو لایەک ڕووناک بکاتەوە. کارگێڕی لادێی قادرکەرەم و شێخ عەبدولکەریم و چەند پیاوێکی ناسراوی تر لەلایەکەوە، دەستەی شێخان و زەنگەنە و شاگردانیش هەریەکە لەلایەکی تایبەتییەوە دانیشتبوون. هەرچی گۆرانیبێژ و شمشاڵژەن و دەهۆڵژەنیش بوون، لە ناوەڕاستی کەپرەکەدا دانیشتبوون. کە بانگکراوان هەموو کۆبوونەوە، کارگێڕی لادێ، (شاکر فەتاح)، هەڵسا و بەزمانێکی شیرین و دڵێکی بەکوڵەوە ماندوونەبوونی لە هەمووان کرد و «خۆش هاتی»ی پێشکەش کردن. دوای ئەوە لە بابەت پاشکەوتوویی لادێکە و ناتەواوییەوە، هەروەها لە بابەت کەلکی باخچەکەوە لێدوانێکی تەواوی کرد. دوای ئەو (شێخ عەبدولکەریمی براگەورەی قادرکەرەم)، لەسەر برایەتی و یەک دڵی قسەی بۆ هەمووان کرد. ناو بەناو چەند لاوێکیش وتاریان دا. جارجارێکیش دەستەی بەزم و ڕەزم بەگۆرانی و بەستە و قەتار و ئەڵلاوەیسی و شمشاڵ و دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەڕکێوە میوانەکانیان دڵخۆش دەکرد.

شەوەکەی خۆش بوو. سروەی فێنکەبا و چیمەن و گوڵ و گوڵزاری باخچەکە و چرا ڕەنگاوڕەنگەکانی سەرپەرژینەکانی و، بەزم و ڕەزمی کوڕوکاڵ، گەشی و ڕووخۆشی و گفتوگۆی برایانەی میوانەکان و، نەشئە و سیرەی سەماوەر قۆرێکان و، پاک و بێ گەردی ئاسمان و، جریوەی ئەستێرە جوانەکانی، هەموو لایەکی هێنابووە جۆش و خرۆشەوە، تەنانەت دار و بەردیشی خستبووە شادمانییەوە. هەموو دڵێک ئاواتەخواز بوو ئەم (خۆشی) و (برایەتی)یە تا سەر بێ.

## پێڕەویی ئاهەنگەکە

١- ماندوونەبوونی کردنی میوانەکان: کارگێڕ شاکر فەتاح
٢-گۆرانی (کە دەڵێن ئیمڕۆ دەشت و کێو شینە): حوسێن و تیپەکەی



٣- لە بابەت (برایەتی) و (یەکێتی)یەوە: شێخ عەبدولکەریم
٤- گۆرانی (ئەڵلاوەیسی) و (نازداریّ): سەید ئەحمەد و بابا
٥- چایی خواردنەوە
٦- چەند قسەیەکی پێکەنین هێنەر: حوسێن عەبدولکەریم
٧- لە بابەت چاکەکردنەوە: مارف عەبدولکەریم
٨- (قەتار) و (خاوکەر) و (شمشاڵ): سەید ئەحمەد و نەزەر
٩- لە بابەت (کردەوکۆشە)وە بەهۆنراوە و وتار: حەسەن موحێدین
١٠- خانووەکەمان: ئیبراهیم محەمەد
١١- گۆرانی (مودەتێکە من گرفتارم بەدەس سەوداتەوە): حوسێن و تیپەکەی

## وتارەکەی شاکر فەتاح

برا خۆشەویستەکان!

لە پاش سوپاسی ئەو خودا گەورەیەی هەموومانی لەم شەوە پیرۆز و بەرزەدا کۆکردۆتەوە و، چێژکەی ئەم (برایەتی) و (خۆشەویستی) و ئەم بەزموڕەزم و زەماوەندەمان پێ دەکات و، چاومان بەسەیرکردنی ئەم تەماشاگاهە ناسک و ناوازەیە دەگەشێنێتەوە، هەر لە گەورەتانەوە هەتا بچووکتان و، هەر لە دەوڵەمەندتانەوە هەتا هەژارتان، لە کانی دڵەوە ماندوونەبوونی و سوپاسی هاتن و کۆبوونەوەتان دەکەم. هەروەک جەژنێک بێ، لە یەزدانی گەورە دەپاڕێمەوە ئەم شەوە خۆشەتان لێ پیرۆز بکات و، تا سەر ژینتان پڕ لە شادی و کامەرانی بکات.

براگەل!

کە هاتمە (قادرکەرەم) و لێی وردبوومەوە، هەروەکو لە سەراکەدا پێم گوتن، لە هەموو لایەکەوە ناوچەکەم پاشکەوتوو دەدی. نە (خودناسی)یەکەی تەواو بوو، نە (خزمایەتی)یەکەی نە (هاوسێیەتی) و (گوزەران)ەکەی!. لە بریتی خۆشەویستی ڕق و قینم دەدی. لە بریتی خوداناسی و دادپەروەری زۆر و ستەمم دەدی. لە بریتی خوێندەواری، نەخوێندەواریم دەدی، بەلک و لۆیەکی ناشیرینەوە. خۆ لە بابەت گوزەرانیشەوە مەگەر هەر داخی دڵی خۆتان ئاگادار بووبێ، کە بە چ جۆرێک لە پەرێشانی و سەرگەردانیدا دەژیان.

* بەڵام لە پاش لێ وردبوونەوە تێگەیشتم کە ئەم نەخۆشی و دەردانە، نەخۆشی و دەردی دڵتانن. جا پێویستە بزانن کە ئەگەر دڵتان نەخۆش نەبووایە، نە ناکۆکیتان لە ناودا دەبوو، نە خەفەتباری، نە کەم گوزەرانی پێوەی دیاری دەدان و، نە نەخوێندەواری. کەواتە لە پێش هەموو شتێکدا پێویست بوو هەوڵێک بدەم دڵتان بخەمەوە سەر دۆخی جارانی، ئینجا داوای پێشکەوتنتان لێ بکەم.

* جا ڕەنگە براگەل! سەرتان سوڕمێنێ کە بڵێم: ئەم نەخۆشییانە هەموویان لەسەر دەستی پزیشکێکی وەک ئەم باخچەیەدا چاک دەبێتەوە. هەر ئەم باخچەیەیشە کە دڵتان بخاتەوە سەر دۆخی جارانی.

* نه ء. براگەل! سەرتان سوڕنەمێنێ. ئێوەیش ئەگەر وەک من زۆر بێنە ناو ئەم باخچەیەوە و تەواو لێی وردببنەوە، بێگومان وەک من باوەڕتان بەم قسەیە دێت و، باخچە، برا خۆشەویستەکان! جێی باوک و دایک دەگرێتەوە، جێی کەسوکار و ژن و منداڵ و دۆست و یار. مەگەر هەر دڵسۆزی و خۆشەویستی و نازگرتنی ئەمانە بێ، بگاتە گەشی و بۆنخۆشی و جوانی گوڵەکانی و، سێبەر و بەروبوومی دار و درەختەکانی و، کزەبا فێنکەکەی ناو چیمەنەکانی.

* باخچە، برا دڵسۆزەکان! ئەگەر لێی وردببینەوە، مەلایەکی تەواوە خوداناسیتان پیشان دەدات. ئایا لەم دەنکە تۆوە بچکۆلەیە ئەم دار و درەختە گەورە و شۆخوشەنگە و، ئەم گوڵە ڕەنگاوڕەنگ پەسەندە پەیدا ببێت: گەورەیی و دەسەڵاتی خودا و دڵسۆزی و بەخشندەیی و خۆشەویستی پەروەردگارتان بۆ دەرناکەوێ؟!.

ئایا لە بەرامبەر ئەم چەند مانگە ڕەنجدانەدا، ئەم هەموو گەشی و جوانی و خۆشی و بەروبوومەتان لە پارچەیەک زەوی و، لە مشتێ تۆو و، چۆڕێ ئاو و هەندێ تیشکی ڕۆژ و، هەندێ کزەبا بۆ بێتەبوون، ئەوە بەڵگەی دادخواهی و چاکەپەروەری خودا نییە؟!

* باخچە براگەل! مامۆستایەکە فێری زانست و هونەری ژین و کردەوە و ڕەوشتی شیرینتان دەکات. پێتان دەڵێ: گەش و ڕووخۆش بن وەک گوڵەکانم، چاکەتان ببێ و، پیاوەتی بکەن لەگەڵ کەسانی تردا، وەک بۆن پەخشانکردن و بەروبووم پێشکەشکردنی گوڵ و دار و درەختەکانم. ئەوساکە هەموو کەس خۆشی دەوێن و، بەکەلکتان دێن، هەروەکو هەموو کەس دار و درەخت و گوڵەکانی منی خۆش دەوێ و پەروەردەیان دەکات.

* باخچە پێتان دەڵێ: تێبکۆشن و کەمێ خەم و ئازار بنۆشن، چەشنی دەنکە تۆوەکانم. دوایی هیواتان دێتە دی و، چەشنی ئەوان ئێوەیش بەروبوومی کردەوەی خۆتان دەچننەوە.

* باخچە دەڵێ: دەس و دڵ و داوێنپاک بن وەک پەڕەی گوڵەکانم. بێگومان ئێوەیش هەموو دەم گەش و لەشخۆش دەبن وەک ئەوان و، لە هەموو کۆڕێکیشدا پەسەند دەبن.

* ئەگەر پیاوەتی و بەخشندەییتان کرد، لەگەڵ دۆست و دوژمن و چاک و خراپدا وەک یەکی بکەن. چونکە گوڵ و دار و درەختەکانی من تەماشای ئەم و ئەو ناکەن. هەر کەسێ دەستیان بۆ ببات، خۆیانی لێ ناکشێننە دواوە و، بەهەموویان گوڵ و میوە دەبەخشن.

* باخچە، براگەل! پزیشکیشە. زامتان چاک دەکاتەوە و فێری ژینێکی پڕ تەندروستیتان دەکات. کە ماندوو دەبن بەسێبەر و کزەبا فێنکەکەی سرەوتتان پێ دەبەخشێ و دەتانحەسێنێتەوە. کە برسی دەبن بەسەوزە و میوەی هەموو ڕەنگە تەڕ و تازە و ترش و شیرین تێرتان دەکات. کە دڵتان تەنگ دەبێت، بەگوڵ ڕەنگاوڕەنگ و جوان و نازەنینی دڵتان ڕۆشن دەکاتەوە و چاوتان دەگەشێنێتەوە. وەک دۆشەکیش سەوزەگیا نەرم و نۆڵەکەیتان بۆ ڕادەخات. وەک باوەشێنیش لقی دارەکانیتان بۆ دەشەکێنێتەوە و، بۆنی بەهەشتی گوڵەکانیتان دەدا بەلووتدا. وەک گۆرانی یار و دڵداریش بەبلبل و قومری ئاوازی ناسک ناسکتان دەدا بەگوێدا. درەختەکانیش ئەم پەندەتان پێ دەڵێن: «ئەگەر دەتانەوێ هەمیشە لەش خۆش و



دڵخۆش بن، واز لەو خانووە تاریک و نووتەکەی تەنگ و بۆن ناخۆشە بهێنن و، وەرنە ئەو دەشتاییەوە، ئازایانە تێر و پڕ کزەبای فێنک هەڵمبژن، وەک ئێمە لە ئاودا مەلە بکەن و، لە کار و فەرماندا سستی مەکەن و، وەرزش و جوولان و یاریش لە بیر مەکەن...».

* باخچە، براگەل! سەرکردەیەکە، ڕێگای سەرکەوتن و پێشکەوتنتان بۆ دادەنێ لە ژیندا و، پیشانتان دەدا کە چۆن هوروژم ببەنە سەر پیاوخراپان و ناکەسان و، چۆن زاڵ ببن بەسەر دوژمنانتاندا.

گوڵ و درەختەکان پێتان دەڵێن: «ئاواز و چالاک بن وەک دەنکە تۆوەکانی ئێمە. ڕاست بڕۆن وەک لق و پۆپەکانی ئێمە. هەوڵ و تەقەلا بدەن وەک ڕەگەکانی ئێمە. لەگەڵ جوامێران دەس بدەنە دەس یەک وەک ئاو و با و تیشکی ڕۆژ و زەوی و دەنکە تۆوەکانی ئێمە. بێگومان بەسەر دوژمنتاندا سەردەکەون و بەئامانجی خۆتان دەگەن.»...

* براگەل! ئەوە هەندێک کەلک و کاری باخچە بوو خستمە بەرچاوتان. ئایا ئیتر پێویست دەکات هیچی ترتان پیشان بدەم تا لە پیرۆزی و جێگەبەرزی باخچەتان بگەیێنم!... بۆ ئێوە ئێستا لە هەموو شت پێویستتر باخچەی گشت لاییە لەبەر ئەوە تکاتان لێ دەکەم، لەمەودوا ئەمەندە خۆتان ماندوو مەکەن. هەر ڕۆژە ساتێک بهێڵنەوە بۆ ئەم باخچەیە و، لێرەدا تۆزی ماندوێتی خۆتان بحەسێننەوە، دڵی خۆتان ڕۆشن بکەنەوە، چاوی خۆتان بگەشێننەوە مێشکتان بەپەند و ئامۆژگاری گوڵ و درەختەکان وریا بکەنەوە و، گاڵتەوگەپی دۆست و یارانە و، یارمەتیدان و یەکگرتنی هاوسێیانە، لەگەڵ یەکدا بکەن... ئەوساکە تەماشاکەن بە چ جۆرێک لەشتان ڕوو دەکاتە تەندروستی و، ماڵتان ڕوو دەکاتە ڕازاوەیی و، چۆنیش گوزەرانتان بەرەو بەختیاری و کامەرانی دەچێت.

* لەم هەشت مانگەدا کە لە گەڵتاندا ڕام بواردووە، گەلێک شتم پێ گوتن کە دێنە دی گەلێکیشیان هاتنە دی. تکا دەکەم ئەمەیش تاقی بکەنەوە و بزانن چۆن دێتە دی.

* براگەل! ئەم باخچەیە باخچەی من نییە، باخچەی گشت لاتانە. لەبەر ئەوە بەناوی ئەم پیاوە چاکانەوە کە لە پێکهێنانیدا بەیارمەتیمەوە هاتوون، (باخچەی گشت لای قادرکەرەم)تان پێشکەش دەکەم. لە خودایش دەپاڕێمەوە تا سەر بەخۆشی و بەختیارییەوە تێیدا ڕاببوێرن. بەڵام لە پێش ئەوەدا قسەکانم ببڕێنمەوە، بەپێویستی دەزانم، لەبەردەم ئێوەدا سوپاسی خۆم پێشکەشی ئەو پیاوە چاکە نیشتمانپەروەرانە بکەم. لە ڕاستیدا زوبانم لاڵە لە ئاستی سوپاسیان و، نایشزانم بە چ جۆرێک پاداشتیان بدەمەوە...

لەسەروو هەموویانەوە (شێخ عەبدولکەریم) و (فاتمەخان)ی هاوسەریەتی، کە (ئاو) و (زەوی)یان بەخشیوە. دووەم (سەید محەمەد عەلی کولەکانی)یە کە (٧٠) داری گەورەی ناردووە. هەروەها ئاغاکانی زەنگەنەی ژووروو (جەلال ئاغا و، هیدایەت ئاغا و، ئەحمەد ئاغا و، ڕەشید ئاغا) و گەلێکی تر لە ئاغاوات و مسکێن کە نزیکەی (٦٠) بار قامیش و زەلیان ڕەوانە کردووە بۆ باخچەکە. پاش ئەوان (عەبدوڵڵا شێخ) و هەندێک لە شێخەکانی (جەباری)یە کە گەلێک نەمام و قەڵەمیان ناردووە. ئینجا (شێخ مەحموود) و (شێخ حەسەن)ە کە ناوونیشانی باخچەکەیان لەسەر پەڕە تەنکەیەک بۆ نووسیوین.

ئینجا دۆستی خۆشەویستم (سالّح ئەفەندی) نووسیاری لادێکەمانە، کە نیوەی هونەر و ئەرک و ئازاری باخچەکە بەرەنجی شانی ئەو پێکهاتووە. ئینجا فەرمانبەری تەندروستی (کاک نەعیم) و (مەجید ئاغای سەمەد ئاغا) و (تۆفیق حوسێن) و (سەید سالّح) و چەند پیاوێکی شێخانی و گەلێکی تر. هەروەها لە پێکهێنانی ئەم زەماوەندەدا هیوای قادرکەرەم و هەموو لا (شێخ مارف) و (شێخ حوسێن) و (شێخ عەبدولعەزیز) و گەلێکی ترە... بۆ ئەمانە هەموویان سوپاسی بێ ئەندازە پێشکەش دەکەم و، لە کانی دڵەوە بەرزی و سەرکەوتنیان لە خودای پاک و تەنیا داوا دەکەم.

* ئیتر براگەل! (باخچەی گشت لاییی قادرکەرەم)تان پێشکەش دەکەمەوە. لە یەزدانیش دەپاڕێمەوە: هەموو دەم وەک گوڵەکانی ڕووخۆش و گەش بن. وەک درەختەکانی بەردار و سایەدار بن بۆ ماڵ و منداڵ و کەسوکارتان و هاوسێ و هاوزمانتان.

## وتاری شێخ عەبدولکەریم

(برایەتی و یەکێتی)

سوپاس بۆ خودا کە هەموومانی یەک مەزهەب و یەک زوبان و یەک ئایین دروست کردووە. وە هەمووانی لە تنۆکێک ئاو پێک هێناوە، وە داماوی ڕێی ژیانی تەواوکردووین، وەک هۆش و فام و وریایی و، هێز و توانایی لەشی پێ بەخشیوین.

پێویستە لەسەرمان کە هەموو برای یەکین لە تەک یەکدا دڵپاک و زوبان شیرین و یەک بین. چونکی ئەگەر تۆ بارێکت پێ بوو، لەڕێ کەوت، بەتەنها گرانە بارکردنی. بەڵکو بۆت بار ناکرێ، ئەگەر هاودەس بارێکت نەبێ، جا لەبەر ئەوە پێویستە هەموو هاودەسباری یەک بین لە کار و فەرمانماندا وە بۆ خزمەتی میللەت و نیشتمانەکەمان.

براکان هەموو گوناهبارین وە سزای ئەم گوناهبارییەیە خودا دەرد و نەبوونی و زۆرداری بۆ ناردووین وە کز و بێ دەسەڵات و ڕووتی کردووین. هەموو با بگەڕێینەوە لە گوناهمان، وە ڕوو بکەینە چاکە، وە لە تەک یەکدا چاک بین، تا لەم جەور و بارەبەرییە ڕزگار ئەبین.

با هەموو بەیەک جار ڕق و قینە و دوشمنایەتی لە دڵ فڕێ بدەین. وە دەس لە ملی یەکتر بکەین. وە خزمەتی خۆمان و وڵاتمان کەین. خواش پشتگیرمانە ئیتر خوا ئەو کەسە سەرکەوتوو کا، کە یارمەتیمان دەدات.

## وتارەکەی: مارف عەبدولکەریم

چاکە

* سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە هەموومانی یەک زوبان و یەک خوێن و یەک ئایین دروست کردووە. وە ئەم خاکە پیرۆز و ئاو شیرین و شاخە بەرز و جوانانەی کردووە بەمەڵوەندمان. دووبارە سوپاس بۆ ئەو کە هەموو بەدیمەنی یەکتر شادین، وە لە شەوێکی وا خۆشا، بەخۆشی یەکترەوە، لەژێر چاوەدێری وە بەهۆی



جوامێری برای گەورە و دڵسۆزمانەوە جەنابی مودیر کۆبووینەتەوە، بەناوی زەماوەندی (باخچەی گشت لاییی قادرکەرەم)ەوە. لە خوا ئەلاڵێمەوە هەموو دەمێکمان وا بەخۆشی بڕوا.

* براگەل! بۆ پایەداری برایەتی وە بەهێزکردنی ڕیشەی خۆشەویستی، بەڵکو بۆ ئاسوودەیی ژیان وە پاش ژیانمان، یەک دوو واتەیەکتان لە بابەت (چاکە)وە پێشکەش ئەکەم.

چاکە چییە؟... چاکە ئەو کردەوەیەیە کە خۆت و کەسانی باش و خاوەن (ویجدان)ی پێ دڵخۆش دەبن. چاکە گەلێ تەرحی هەیە. وە بەگەلێ ڕەنگ ئەکرێ، وەک بەگفتوگۆ و، بەکردەوە، بەنووسین و ماڵیش ئەکرێ. چۆن چاکە ئەکەی؟... یەکەم چاکە دەربارەی خۆت پێویستە. چونکی خۆت لە پێشتری. تۆ بۆ خۆت چاک نەبیت، بۆ کەسی تر ناتوانی چاکە بکەیت. وە بۆ ئەوەی ژینت بەخۆشی بەسەربەری، ئەم شتانەی خوارەوەت لەسەرە، وە پێویستی لەشی خۆتە:

١- تەنپەروەربە. لەش ساغی مایەی خۆشی ژیانتە. هۆشی تەواو لە لەشی ساغایە.

٢- دڵت لە ماڵی خۆتدا لە هەموو شوێنێ خۆشتر بێت. وە بەدیمەنی ماڵ و منداڵت ماندوویێت بحەسێتەوە. هەمیشە هەوڵ بدە بۆ خۆشکردنی ژیانی ماڵەوەت بەگفتوگۆی شیرین و کردەوەی باش و جوان، وە جیاوازی نەکردن لەناو ماڵ و منداڵتا. هەموو وەک یەک ڕاببوێرن.

٣- کار و فەرمانێکی وات بەدەستەوە بێت کە وەختی خۆتی پێوە خەرج کەی وە گوزەرانی ماڵ و منداڵتی لێ دەس خەی.

٤- شەو و ڕۆژ کە بیست و چوار ساتە، دەبێ هەشتی بۆ فەرمان خەرج بەی، هەشتی بۆ حەسانەوە و ڕابواردنت هەشتی بۆ خەوتن. ئەگەر بەدرێژایی ڕۆژ کۆشای، کە هاتیتەوە ماڵ، ئەوەندەت پێ ئەکرێ نانەکەت بخۆی. ئیتر لێی بکەویت تا بەیانی، کە ئەچیتەوە سەر فەرمانەکەت. ئەم چەشنە فەرمانە زیانی زۆرە. چونکی ماوەی ئەوەت نادا ساتێک بحەسێیتەوە. وە بیرێک لە گوزەرانت بکەیتەوە. وە نەختێک خۆشی بچێتە دڵتەوە. وە زۆر زوو پیر و لێکەوتەت ئەکا. وە ژیانی بەنرخت بەتاڵی بەسەرئەچێ. ژیان ئەگەر خۆش نەبێت، کورت بێت چاکترە. ساڵێکی خۆش لە سەد ساڵی ناخۆش چاکترە.

* ئەم جار (چاکە) بۆ ماڵ و منداڵت پێویستە:

پێویستە لەسەرمان ماڵ و منداڵمان تێر و پۆشتە ڕاگرین. کوڕ و کچمان بەخۆڕایی لە دەس نەدەین. تا لە تواناییماندا بێت پێیان بخوێنین. وە فێری خوو و ڕەوشتی چاکیان بکەین، تا لە دوارۆژدا ئەوانیش لەبەر چاوی هەموو کەس خۆشەویست و بەقەدربن، وە ژیانیان بەخۆشی لێ بڕوا. خوێندن هەر ئەوە نییە کە بمانکا بەمەئموور، بەڵکو خوێندنمان پێویستە بۆ هەموو کار و بارێکمان. پێویستە لەسەرمان پاش خوێندن، منداڵمان فێری فەرمان وە یا کارێکی وا بکەین گوزەرانیان بگرێتە مل.

* لە پاش ئەمانە (چاکە) بۆ هاوسێ وە دراوسێ پێویستە:

هاوسێ ئەوانەن کە هەموو دانیشتووی شوێنێک بن. ئێمە هەموو هاوسێین. چونکی دانیشتووی (قادرکەرەم)ین. بەواتایەکی گەورەتر هەموو هاوسێین چونکی دانیشتووی (ناوچەی قادرکەرەم)ین، وە

یەک ئاووهەوا دەچێژین پێویستە وەکو گفتوگۆمان شیرین بێت و، ڕوومان خۆش بێت لە تەک یەکا، بەکردەوەش باش بین. ئیمڕۆ تۆ داماوییەکت بوو، لە توانایی هەر کەسێکماندا بێت، یارمەتیت پێویستی سەرشانمانە. چونکی پاشەڕۆژ منیش دائەمێنم، ترسم نییە، کە تۆ دەستگیرمی. بەم تەرحە ئەتوانم بڵێم ناتەواوی و بێ دەستی لە ناوماندا نامێنێت. هەروەها ئەگەر لە پاشملەی من باش دوایت، کە بیستمەوە، هەرچەند خراپ بم، دڵم ڕائەکێشی بۆ ئەوە گفتەکەی تۆ بەخۆم ڕەوابیبینم، وە واز لە گەلێ خراپە بێنم. هیچ نەبێت ناوی تۆ بەخراپە بەدەمدا نایەت. ئەوا بناغەی خۆشەویستییەکی بەهێزمان دامەزراند کە لای خودا و هەموو کەس شیرین و جوانە.

* کە ئەمانەمان بەجێ هێنا دەبینە پیاوێکی تر. ئەو وەختە هەوڵ ئەدەین (چاکە) بۆ هەموو ئادەمیزاد بکەین. بەڵکو بۆ هەموو گیانلەبەرێک، وە ئەگەینە دوا پایەی بەرزی و گەورەیی.

ئەمەیە ئەنجامی (چاکە)، کە مایەی ئاسوودەیی ژیانمانە. وە خۆت لای خۆت و لای کەسانی تر و خوا خۆشەویست و گەورە ئەکەی. وە تکا دەکەم کە چاکە بکەینە تیغی دەسمان بۆ مەیدانی چاک و خراپ.

ئیتر ڕێکیمان لە خوا نیازە. بژین هەموو. بژین براکانی قادرکەرەم.

## پیتاک و یارمەتی

* ڕۆژی ١٩٤٢/٧/١٠ (شێخ حوسێنی سەید محەمەدی جەباری) کە بۆ سەیری زەماوەندەکە هاتبوو، (٢٥٠) فلس، (سەید هادی) هەڵسەنگێنی بەرهەمی تەرخانکراو، (٢٥٠) فلسیان بەخشی بە(خوێندنگای شەوی قادرکەرەم) لە کانگای دڵەوە ماندوونەبوونی و سوپاسیان دەکەین.
* هەروەها سوپاسی ئەم برا بەڕێزانە دەکەین، کە لە هەڵسووڕاندنی کاروباری زەماوەندەکەدا یارمەتییەکی زۆریان داین: (شێخ حوسێنی سەید محەمەدی جەباری)، (ئیبراهیم محەمەد)، (بابا ڕەسوڵ محەمەد)، (عەبدولوەهاب عەبدولکەریم)، (شێخ حەسەن).

## دەنگی دەرەوە

* ئەڵمانەکان، لەشکرەکانیان، لە خاکی (میسر)دا زۆر هێرشەکەیانیان کردووە، نیازیشیان وایە هێرشێکی گەورە ببەنە سەر ئەڵمانەکان تا بەرەو پاش بیانگێڕنەوە.
* هەروەها ئەڵمانەکان لە خاکی ڕووسیایشدا چوونەتە پێشەوە. بەڵام (لەشکری سوور) لە هەموو لایەکەوە بەرەنگارییان دەکات و، دەیانباتە دواوە. (سیباس تەپۆڵ) کە شوێنێکی بەنرخە بۆ ئەڵمانەکان و دەرگای گاز و نەوتەکەیەتی، گیراوە.
* ژاپۆنییەکان لە (چین)دا توندوتیژ دەست دەوەشێنن، تا چینییەکان لە ڕووسەکان دابڕن.
* هێزە ئاسمانییەکانی (بەریتانیا) و (ئەمریکا) بۆمبابارانی شەڕگا و بارەگا و شارەکانی (چین) دەکەن.

***



# باسەڕە

ژمارە: (٦)
ڕۆژ: ١٩٤٢/٧/١٣

## دەنگی قادرکەرەم

پیتاک

تا ئێستا پیتاکمان گەیشتۆتە (٢,٦٠٠) دینار بەم جۆرەی کە لە خوارەوە پیشان دراوە، لە کانگای دڵمانەوە سوپاسیان دەکەین.

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٥٠٠ | ٠ | کارگێڕی قادرکەرەم، شاکر فەتاح |
| ٢٠٠ | ٠ | کارگێڕی قادرکەرەم، شاکر فەتاح |
| ٢٥٠ | ٠ | مارف عەبدولکەریم |
| ١٠٠ | ٠ | عەبدول عەزیز |
| ١٠٠ | ٠ | شێخ ئیسماعیل عەبدولکەریم |
| ٠٥٠ | ٠ | فایەقی باڵباز |
| ٢٠٠ | ٠ | مامۆستا مەلا ئەحمەد |
| ٠٥٠ | ٠ | عەلی حەسەنە سوور |
| ٢٥٠ | ٠ | شێخ عەبدولکەریم |
| ٢٥٠ | ٠ | شێخ حوسێنی سەید محەمەدی جەباری |
| ٢٥٠ | ٠ | سەید هادی هەڵسەنگێنی بەرهەمی تەرخانکراو |
| ٢٥٠ | ٠ | سەید عەونی سەید کاکە |
| ١٥٠ | ٠ | کاکە حەمەی ساڵح هەیاس – قەشقە |
| ٦٠٠ | ٢ | هەمووی |

بەختکردن

لەو پارەیەیش بۆ خوێندنگا و باخچەکەمان ئەمانە کڕاون:

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٠ | بۆ قەڵەم و دەفتەر دراوە بەدووکاندار (پاشا) |
| ٠٥٠ | ٠ | بۆ قەڵەم و دەفتەر دراوە بەدووکاندار (حەمە ساڵح) |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٠٠ | ٠ | بۆ ئەلفبا لەلایەن کارگێڕەوە کرراوە لە سلێمانی |
| ١٥٠ | ٠ | دراوە بەشەکر و چا بۆ خوێندنگای شەوی قادرکەرەم |
| ٠٢٥ | ٠ | دراوە بەحەمەی سەید ساڵح کە لە باخچەکەدا فەرمانی بینیوە. |
| ٠٥٠ | ٠ | دراوە بەچایی بۆ میوانەکانی خوێندنگاکە |
| ٢٠٠ | ٠ | دراوە بەشەکر و چا بۆ میوانەکانی خوێندنگاکە |
| ٣٧٥ | ١ | هەمووی |

کەواتە ئەوەی ماوەتەوە لای (کاک عەبدول عەزیز)ی پارە پارێز، تا ڕۆژی ١٩٤٢/٧/١٣، بریتییە لە: (٢,٦٠٠-١,٣٧٥=١,٢٢٠) دینار.

## وتاری حەسن موحێدین

(ئیمڕۆ و ژیان)

سوپاس بۆ یەزدان کە لەم شەوە خۆش و ڕازاوەیەدا هەموومانی کۆکردۆتەوە. شاد و خۆشنوودیشین بەم کردەوە جوانە.

براگەل! هەتا بڵێی لە ساڵێکی سەخت و ڕۆژێکی پڕ هەرا و شەڕوشۆڕ داین. هەر کەسێ کەمێ تێگەیشتن و ئاگاداری بێ بۆ خۆی، نابێ ئیمڕۆ سەیری ڕابواردنی خۆش و خواردنی چاک و ئاسوودەیی وەکو جاران بکات. دەبێ هەر لە شتێک، شتێک بگێڕینەوە، تا بتوانین لەژێر گڕ و گڵپەی شەڕوشۆڕ کە جیهانی داگیرکردووە و، شڵەژاندوویە بەسەر یەکدا خۆمان بپارێزین و، نەبینە بەردی ناو هۆزەوە و، لە پێناوی جیهانگیرەکانی ئەوروپادا بەبرسێتی نەکوژرێین. بەتایبەتی لەو خواردەمەنی و کەلوپەلانە، کە لە وڵاتی بێگانەوە بۆمان دەهاتن وەکو: «فانۆس و قۆندەرەی بیلاد و شەکر و چا و گەلێ شتی پێویست و ناپێویست» کە بەناوی پێویستییەوە بۆمانیان دەنارد، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ماڵوێرانیمان بوو. ئەمە بەرهەڵستێکی گەورەیە لە ژیانی کوردەواریدا. لەلایەکەوە نایەڵێت ئەو خواردەمەنییە نایابانە کە لە وڵاتەکەماندا چن دەکەون، وەکو: «باسوق و سجووق و مێوژ و دۆشاو و هەنگوین و گەزۆ» بەچاکی و زۆرییەوە بێنە بەرهەم کە گەلێک لە (شەکر و چا و مورەببا) و خواردەمەنییەکانی ئەوان خۆشتر و بەتامترە هەروەها ئەو کەلوپەلە جوان و ڕەنگینە کە لە ماڵی خۆماندا دەست ئەکەوێ وەکو: (چۆغە و بۆز و شاڵ) نایەڵێت، ئەوەندە کڕیاری ببێت کە کڕیارەکانی بژێنێ، کە لە ڕاستیدا لە هینەکانی ئەوان باشتر و ڕێکترە، بەڵکو پێویستترە بۆ ئێمە ئەمانە بکڕین. ئەگەر ئێمە هۆشیار و کرد و کۆشیکەر بین، وڵاتەکەمان داماوی خۆمان تەواو دەکات و، لە کۆتەی بێگانە و بێگانەپەرستی ڕزگارمان دەکات. چونکی بەمێشکی ئێمەدا ڕائەپەرموێ کە بەرەنگی سەوز و سوور و ئاڵ و واڵا زوو هەڵئەخەڵەتێین و، ئەمانکەنە چاوەڕوانی دەستی خۆیان و، خۆمان -وەک ئێستا دەیکەین- لەبیر بچێتەوە.

ئەم دەردەیە: برسی و، نابووت و، بێ باوەڕ و، ناڕاست و، بێگانەپەرستی کردووین و، ڕۆژ بەڕۆژ پاش دەکەوین و، بێ دەسەڵات ئەبین و، هیچ کردەوەیەکیشمان پایەدار و سەرکەوتوو نابێت.



کەواتە هەموو ڕاستییەکمان بۆ دەرکەوت و، هەموو دەرد و دەرمانێکمان ناسی. بەدڵێکی گەرم و بەهێزەوە ڕووی ئارەزووتان لە ڕێگەی سەرخستنی خۆتان و وڵاتاندا بەڕێوەبەرن، تا ئەم کۆتە و زنجیرەی بێگانە و بێگانەپەرستییە بشکێنین.

بژی کوردستان

***

## خانووەکانمان

(نووسینی: ئیبراهیم محەمەد)

کابرا: مامۆستا خودا ڕاوێستاوت بکات و نوشتەیە بۆ منداڵەکانمان بکە.

مامۆستا: منداڵەکانت چییانە؟

کابرا: ئیمشەو کە نوستین ساغ بووین. کەچی بەیانەکی لەخەو هەڵساین هەموومان نەخۆش بووین.

مامۆستا: کابرا بچۆ بۆ لای دکتۆر. ئەمە ئیشی من نییە.

کابرا: باشە مامۆستا. بۆ چ دختۆر نوشتە دەنووسێ؟

مامۆستا: نەء. دوکتۆر نوشتە نانووسێ. بەڵام دەرمانتان دەداتێ و چاکتان دەکاتەوە.

کابرا: مامۆستا دوختۆر چی ئەکا بۆ من؟ لەم دوو سێ ڕۆژەی پێشوودا بەیانییەک لەخەو هەڵسام کوڕێکمان مردبوو. کەچی نەخۆشیش نەبووبوو. وا دیارە ئەمە کاری جنۆکەیە!...

مامۆستا: کابرا ئەمە کاری جنۆکە نییە. کاری نەخۆشییە. بەدوکتۆر چارە دەکرێت. من چیت پێ دەڵێم؟ خوا و پێغەمبەریش ئەفەرموون نەخۆشتان بەرنە لای دوکتۆر.

کابرا: بەڵێ وایە مامۆستا. بەسەرچاو. تۆ چی دەڵێی وا دەکەم. ئەگەر منداڵەکانیشم مرن هەر دەچمە لای دوختۆر!...

***

کابرا: دوختۆر بەگ! ئەمشەو کە نوستین هەموو ساغ بووین. کە بەیانی هەڵساین هەر من ساغ مابوومەوە. ئەویش لە ئاش بووم. تا ئێستە ئەگەر نەمردبن زۆر باشە!...

دکتۆر: کوان منداڵەکانت. هێناوتن؟

کابرا: نەء. دوختەر ئەفەندی. بەڵۆرییەک نایەن. مەگەر تۆ بفەرموویتە سەریان و دەرمانیان بدەیتێ.

دوکتۆر: دە کوا؟ وڵاغێک بێنە سواری ببم.

کابرا: فەرموو سواربە!...

***

کابرا: دوختەر بەگ فەرموو لەبەر دەرگاکە نەختێک ماندوویتیت بحەسێنەوە. ئێرە لە ژوورەوە ڕووناکترە.

دوکتۆر: کوڕە کابرا لەم کونە کەمتیارەدا ناتوانم دابنیشم.

کابرا: دەفەرموو بچینە دیواخانی کۆیخاکەمان. ئەو هاوسێمانە. هەموو جارێک کارگێڕیش، کە بەمیوانیمان دێتە ئێرە، لەوێ دەحەوێتەوە.

دوکتۆر: خۆ ئێرە لەوێ پیستر و تاریکتر و قوولترە. چوار لایشی پەیینە. هەر لە تەویلەی ولاغ ئەکات، پیاو لەم شوێنانەدا چۆن ئەژی؟

کابرا: بەگم! بەخوا ئەمە خۆشترین جێگەی دێیەکەمانە!.

دوکتۆر: کەواتە خوا بیبڕێ!... بەخوا من لێرە ناتوانم بحەسێمەوە. تا زووە بام بچین سەیری نەخۆشەکانت بکەین.

***

کابرا: فەرموو دوختەر بەگ سەیریان بکە.

دوکتۆر: ئەمانە ئێوارە چیان خواردووە؟

کابرا: بەخوا هیچی وایان نەخواردووە.

دوکتۆر: هەڵبەت کابرا هەژایت.

کابرا: بەسایەی سەری تۆوە لە هیچمان کەم نییە. دەسم باش ئەڕوات.

دکتۆر: ئەی دوێنێ چیان خواردووە؟

کابرا: هەر خواردنی جاران.

دوکتۆر: ئەی لە کوێدا نوستبوون.

کابرا: لەم هۆدەیەدا.

دوکتۆر: چۆن؟ ئەمە هۆدەی نوستنتانە؟

کابرا: بەڵێ دوختەر بەگ، خراپە؟.

دوکتۆر: دەسا من وام زانی شەرمیان کردووە لە من هاتوونەتە ئەم تەویلەیەوە. چونکە ئێرەم بەشوێنی ولاغەکانت زانی!...

(ماویە)

***



# باسەڕە

ژمارە: (٧)

ڕۆژ: ١٩٤٢/٧/١٦

## دەنگی قادرکەرەم

پشووی کارگێڕ

ئیمڕۆ کارگێڕی لادێی قادرکەرەم، بۆ پشوویەکی (١٥) ڕۆژی چووەوە بۆ سلێمانی.

پیتاک

ئیمڕۆ ئەم پیاوانە پیتاکیان پێشکەش بەخوێندنگاکەمان کرد.

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٠٥٠ | ٠ | وەستا محەمەد شاگردێکی خوێندنگای شەوی قادرکەرەکەم. |
| ٠٥٠ | ٠ | سەید حەمیدی شاووک |
| ١٠٠ | ٠ | هەمووی |

لە دڵەوە سوپاسیان دەکەین. بەهی پێشووە و دەکاتە (١,٢٢٥ + ٠,١٠٠ = ١,٣٢٥) دینار.

## خانووەکانمان

نووسینی: ئیبراهیم محەمەد

«پاشماوە»

دوکتۆر: کابرا منداڵەکانت لەم کونە گورگە بهێنەرە دەرەوە. هەندێ تیشکی خۆریان لێ بدا و، بایەکی پاک هەڵبمژن، چاک دەبنەوە.

نەخۆشەکان: بەخوا دوختۆر هێزی هەڵسانمان نییە.

دکتۆر: دە کابرا پەنجەرەیەک لە دیواری ئەم ژوورەدا بکەرەوە بام بایەکی پاک و خاوێن و ڕۆشنایی بێتە ناو ماڵەکەتانەوە.

کابرا: پەنجەرە چییە؟

دوکتۆر: کون... کون...

کابرا: بەخوا دوختەر بەگ هیچ کونمان نەهێشتۆتەوە بۆ هاوین، نەوەک لە زستاندا سەرمامان ببێ.

دوکتۆر: نابێ، نابێ، یان دەریانکەرە دەرەوە، یان پەنجەرەیەکیان بۆ بکەرەوە، تا بای پاک بێتە ناو ژوورەکەوە و، نەخۆشەکان هەناسەی تێدا بدەن و چاک ببنەوە.

کابرا: ئا حەمەی ڕەنجبەر ئەو میکوتەم بۆ بهێنە. بەڵام دوختۆر بەگ تۆ نەختێ خۆت لادە، با ئەم لا دیوارەت بەسەردا نەڕووخێ.

دوکتۆر: دەک بەردت لێ بوارێ!. ئەم دیوارە بۆ چ وا زوو دەڕووخێ؟!.

کابرا: خوا حەز کا، هەر بەمیکوتی یەکەم ئەم لای دیوارەکە دەڕووخێنم.

دوکتۆر: دە توخوا دەست مەوەشێنە. ئێستە سەرفراز دەبیت. نەخۆشەکانت لە ژیان ڕزگاریان دەبێ، بۆ خۆیان دەمرن!.

کابرا: وس! وس!. بەخوا پیاوی فەرمانڕەوایی نەبوویتایە، ئێستە خراپم پێ دەکردیت!...

دوکتۆر: هەڵبەت منداڵەکانت زۆر خۆش دەوێ.

کابرا: لە چاوم شیرینترن.

دوکتۆر: دە چونکی وا دەڵێیت، بیانگرە باوەشت، بیانبەرە دەرەوە تا دەرمانیان بکەم.

کابرا: بەڵی ئەوا هێنامنە دەرەوە.

***

لە پاش چارەکە ساتێک نەخۆشەکان بەدوکتۆریان گوت:

– بەگ خوات لەگەڵ! ئێمە چاک بووینەوە.

دوکتۆر: کابرا! نەمگوت؟!.

کابرا: بەڵێ، دوختۆر بەگ ڕاستت کرد. تو خوا ئەوە بۆ چ وابوو؟.

دوکتۆر: وەرە پێت بڵێم: ئاخۆ دەزانیت خانووەکەت چۆن دروست بکەیت؟

کابرا: چۆن؟

دوکتۆر: لە شوێنێکی وادا دروستی بکە، کە با هەموو لایەکی بگرێتەوە.

وایش بێ، بەپلیکانە بۆی سەربکەویت، نەک بۆی بچیتە خوارەوە، وەک ژێرزەمین. لە هەموو لایەکیدا پەنجەرەی تێدا بێت. ڕۆژی سێ چوار ساتیش خۆری بێتە ناو. ئەگەر چوار لات ماڵ بوو، باڵەخانە و ژێرخانی تیا دروست بکە. بۆ دانیشتنی خۆت. هۆدەی خەوتن و دانیشتنت لە هۆدەی زەخیرە و قاپ و قاچاغ جیاواز بێت. هەموو ڕۆژ دوو جار ناوماڵ و، جارێکیش حەوش و بەرقاپی بماڵن و، ئاوڕشێن بکەن. بۆ حەسانەوەتان باخچەیەکی جوان و بچکۆلانە دروست بکەن. گوڵ و چیمەن و سەوزەی تیا بڕوێنە، دوو سێ داری سێبەرداریش لەم لا و لەولای باخچەکەوە بڕوێنە، تا بەیانیان و ئێواران لە بنیاندا دابنیشن.

ئەگەر بەقسەم بکەیت ئێوەیش و ئێمەیش دەحەسێینەوە، هیوایشم وایە کە پێویستیتان بەمن نەبێتەوە!...



# مەشکە

نووسینی: شاکر فەتاح

چوار پێنج هەزار ساڵ لەمەوپێش کە باوک و باپیرمان وەک دڕندە لە کێو و کەژ و بێشەڵستاندا دەژیان، پاک و پیس و چاک و خراپیان لە یەک جیا نەدەکردەوە. لەبەر ئەوە گەڕان بۆ شتێک ئاوی تێدا بخۆنەوە. لە پێش هەموو شتێکدا چوون: کاسەی سەری مردوویەکیان هێنا. پێست و گۆشت و مێشکەکەیان لێ پاک کردەوە. ئەوجا ئاویان تێدا خواردەوە. پاش ئەوە کە زۆرێک پێشکەوتن کاسە و کەوچکی داریان دروست کرد. هەندێ جاریش لە کوولەکەدا بابەتی خواردنەوەیان دەخواردەوە. دوای هەمووی دەستیان دایە دروستکردنی کاسە و کەوچک لە مس و قەڵایی و کانەکانی تر، ئینجا لە شووشە و بلوور.

(کوندە) و (مەشکە)یش هەر هی ئەو دەورەن بۆمان ماونەتەوە. کە باوک و باپیرمان تۆزێک پێشکەوتن، خێزان و هۆزیان پێکهێنا. لەبەر کۆچکردن، ناچار بوون لە (کوندە) و (مەشکە)دا (ئاو) و (دۆ) هەڵبگرن. چونکە ئەم دوانە ئاسان پێکهاتوون و ئاسان هەڵگیراون و، لە شکان و قۆپانەوە دووربوون.

بەڵام ئێستا کە کۆچەرمان تێدا کەم بۆتەوە و، بووین بەنیشتەنی و، گەیشتووین بەسەردەمێکی وا کە چینی و بلوور بەئاسانی و هەرزانییەوە دەست دەکەون و، ئاشکرایشە کە کوندە و مەشکە و کاسە و کەوچکی دار، زۆر دەرد و نەخۆشی هەڵدەگرن، پێویست نییە و ناشایستەیشە کە وەک باو و باپیرمان لەوانەدا شت بخۆینەوە. چونکە چ دار و چ چەرم ئەگەر خۆرە (میکرۆب)یان کەوتە ناو، زۆر زوو پەرە دەسێنن و، گەرایەکی بێ شومار دادەنێن لە ناویاندا، بەجۆرێکی وا کە لەناوبردنیان زۆر بەگران پێک دێت، مەگەر بەسووتاندنیان، یان بەکوڵاندنیان. ئەم دوو چارەیەیش ئەگەر بۆ کاسە بوو یان بۆ مەشکە، لەناویان دەبات. کەچی بلوور و شووشە و چینی بەچۆڕێ ئاوی پەرمەنکەنات، یاخود بەکوڵانێکی کەم، یان بەوشککردنەوە لەبەر هەتاو، هە چ خۆرەیەکیان تێ کەوتبێت، دەکوژرێ و لەناو دەچێ.

تێ ناگەین برا لادێییەکانمان تا ئێستا بۆچ لە کۆڵ ئەم ڕەوشتە کۆنە ناپوختەیە نەبوونەتەوە؟!... لە لایەکەوە بۆچ ئەمەندە پارە بەشەکر و چا و پیاڵە و ژێرپیاڵە دەدەن؟... بۆچ بۆ لەشخۆشی و دڵخۆشی خۆیان، واز لەم کوندە و مەشکە و کاسە و کەوچکە دارە پیس و بۆگەنانە ناهێنن؟... بۆچ چەند دراوێک بۆ کاسە و کەوچکی چینی و بلوور بەخت ناکەن؟.

ئەمە تێگەیشتن و لێ وردبوونەوە و دڵتەڕیی دەوێ و سەربەستی. جا نازانم ئەم وتارەمان کار لە تێگەیشتووەکانی ناوچەکەمان دەکات؟... ئاخۆ ئیتر واز لە (کوندە) و (مەشکە) و (کاسە) و (کەوچک)ی دار دەهێنن؟!.

# دەنگی دەرەوە

* شەڕ لە ناوەند ڕووس و ئەڵماندا توند و بەتاوە. ئەڵمانەکان هەندێکی تر چوونەتە ناو خاکی ڕووسەوە. بەڵام ڕووسەکان چەند شوێنێکیان گرتۆتەوە. بەڵام تا ئێستا شتێکی وا ڕووی نەداوە کە ئەنجامێک دەربخات بۆ سەرکەوتن یاخود ژێرکەوتنی لایەکیان. ئەگەر سوێندخوارەکان لای خۆرئاوای ئەورووپاوە دەرگای شەڕ بکەنەوە لە ئەڵمانەکان، لەوانەیە ڕووسەکانیش لە ڕۆژهەڵاتەوە هێرشێک ببەنە سەر ئەڵمانەکان.

* بەڵام لەلای (میسر)ەوە هێرشی ئەڵمانەکان وەستێنراوە، لەشکری ئینگلیز نیازی هێرشێکی هەیە بیباتە سەر ئەڵمانەکان. بەڵام ئینگلیزەکان چاوەڕوانی یارمەتین بۆیان بێت. ئینجا دەست دەدەنە ئەو هێرشە. ئەویش دەبێ لەشکرێکی وا بێ کە بتوانێ بەرگەی دوژمنێکی وەک ئەڵمانەکان بگرێ.

* سەرەکی کاربەدەستانی تورکیا (ڕەفیق سایدام) مردووە. لەجێی ئەو (سەراج ئۆغلوو) کە کاربەدەستی کاروباری دەرەوەیە دانراوە. ئەنجومەنی کاربەدەستانی تورکیا تازە بۆتەوە.

## پەندی پێشینان

(کۆکردنەوەی: حەسەن محێدین)

١- نان بۆ نانەوا و ، گۆشت بۆ کوشتیار.

٢- کالا لە پێی بالایە.

٣- کوێرەکانی باغ مەکە، ناکەسیش چراغ مەکە.

٤- نەگای لەڕ بۆ بەیار، نەپیاوی پیر بۆ جووتیار.

٥- نەدەنگ ناخۆش بۆ گۆرانی، نە، نەحەیا بۆ سۆزانی.

## مەتەڵ

ئەمانە چین؟

(کۆکردنەوەی: عەبدولعەزیز ئیسماعیل)

١- لە دوور هات، لە نوور هات، دوو کەلافەی زەرد و سوور هات.

٢- کەلافەی چین چین، مورغی بێ زبان، هەرچی هەڵی بهێنێ، ئەحمەد پاڵەوان.

٣- قسەیەکم هەیە یەجگار باریکە: شەوی ڕۆشن لە ڕۆژی تاریکا.

٤- هەشت پاسەل حورتی، دوو پامالووتی. دوو پامالووتی حا ئەکا، هەشت پاسەل حورتی ڕا ئەکا.

هەڵهێنانی مەتەڵەکان:

١- زەردەواڵەیە. ٢- مارە. ٣- چاوە. ٤- جووتی گایە.

***



# باسەڕە

ژمارە: (٨)

ڕۆژ: ١٩٤٢/٧/١٩

## ژینی کۆمەڵی

ئامۆژگاری

(نووسینی: حەسەن موحێدین)

ئەگەر بتەوێت ئامۆژگارییەکانت گوێیان لێ بگیرێت، پێویستە هەرچی بەکەسانی تری دەڵێیت، خۆیشت بەکاری بهێنیت و، لێی لانەدەیت. چونکی ئەوانەی بەدڕەوشتن، ئەگەر چاکەیش بەدەمیاندابێت، کەس گوێیان لێ ناگرێت. لام وایە لەم بارەیش ناخۆشتر نییە، کە کەس گوێ لە پیاو نەگرێت!...

جارێک پیرێژنێک کوڕە تاکانەکەی خورما زۆر دەخوات. دوایی تووشی نەخۆشی (خارشت)دەبێ. هەرچەندە ئامۆژگاریی کوڕەکەی دەکات خورما نەخوات، کوڕەکەی گوێ لە قسەی ناگرێ. ژنەکە ناچار دەبێ دەچێتە لای جێنوشینی پێغەمبەر (عومەری خەتاب)، سکاڵای لە دەست دەکات، تا بۆی تەمێ بکات. پێشەوای دادپەروەربش، عومەر، بەکوڕەکە دەفەرمووێت واز لە خورما خواردن بهێنێت. لە پاشدا دایک و کوڕ دەڕۆنەوە ماڵێ. بەڵام کوڕەکە خۆی پێ ناگیرێ، دووبارە دەست دەکاتەوە بەخورما خواردن!. ئینجا پیرێژنەکە دەچێتەوە لای پێشەوا عومەر. ئەویش پێی دەفەرمویێ هەفتەیەک ماوەم بدە ئینجا بێنەوە لام. کە هەفتەکە تەواو دەبێ پیرێژنەکە و کوڕەکەی، هەردووکیان ئەچنەوە لای پێشەوا. (عومەر)یش دووبارە ئامۆژگاری کوڕەکە دەکاتەوە: خورما نەخوات. کوڕە ئەڵێت: «بەسەر چاو ئیتر خورما ناخۆم». کە لەگەڵ دایکیدا ئەچنەوە ماڵێ، دایکەکەی سەرنج لە کوڕەکەی دەدا ئیتر لەو ڕۆژەوە دەست بۆ خورما خواردن نابات. کە لەوە سەری سوڕدەمێنێ، ئەچێتەوە لای پێشەوا عومەر و، لێی ئەپرسێ: لەبەرچی ئامۆژگارییەکەی لە یەکەم جاردا کاری لە کوڕەکەی نەکرد و، لە دووەم جاردا کاری لێ کرد؟ جێنوشین دەفەرموێ: جاری یەکەم منیش وەک ئەو خورمام دەخوارد. بۆیەکا هەفتەیەک وچانم لێ خواستیت، تا لەو ماوەیەدا خۆیشم لە خورما خواردن وازبهێنم. تۆیش کە هاتیتەوە لەگەڵ کوڕەکەتدا، من توانیبووم واز لە خورما خواردن بهێنم. جا ئامۆژگارییەکەی دووەم جارم هۆیەکەی ئەمە بوو کاری لە دڵی کوڕەکەت کردبوو، کە خۆیشم وازم لە خورما خواردن هێنابوو!...

## پێکەنینی قادرکەرەم

مەلا و دەس ڕۆیشتوو

نووسینی: حوسێن عەبدولکەریم

م: چەند کوڕت هەیە میرزا؟

د: سێ کوڕم هەیە.

م: ئیشیان چییە؟

د: یاریدەی من دەدەن.

م: بۆ چ زۆر منداڵن؟

د: سەر و ڕیش تاشن!

م: ژنت بۆ هێناون؟

د: نە بەخوا مامۆستا. بۆم هەڵناسوورێ. ڕاستییەکەی کوڕە گەورەکەم شەش حەوت ساڵە دەستگیرانەکەی گەورە بووە، بۆمان هەڵناسوورێ بۆی بگوێزینەوە.

م: بۆ چ بۆت هەڵناسوورێ. خۆ لەکن خۆت دەس ڕۆیشتوویەکی چاکیت؟

د: کوانێ وایە؟ خوا خوامانە لە برسا نەمرین مامۆستا!...

م: بۆ چ دەسمایەت چەندە؟

د: نازانم بەتەواوەتی چەند پارەم هەیە. ڕەنگە هەشت نۆ هەزار دینارێکم بەدەستەوە بێت. ئەمە بێجگە لە سەلەم و مەڕ و بزن!...

م: ئێ با چوار باتمان ڕۆن بۆ کوڕەکەت بفرۆشیت و ژنەکەی بۆ بگوێزیتەوە.

(مامۆستا بەڕێز ئەم ساڵ ڕۆن زۆر خۆشەویستە!)

م: کەواتە تا زووە سنووقە شڕەکەت بنێرە شار تازەی بکەنەوە و، لێفە شڕەکەیشت بنێرە دوو گەز جاوی تێ بگرن، تا جاو هەرزانە، نەوەک خوا نەخواستە جیهانت بۆ قووت نەدرێ و، جیهان قووتت بدات!...

## خوداناسی

(سەردولکە)

نووسینی: مامۆستا مەلا ئەحمەد

سەردولکە یاخود (شیوەن) خوویەکی زۆر ناشیرینە و لە ناوماندا باوە کە بۆ مردوومانی ئەکەین. جا لەبەر ناشیرینی ناخۆشییەتی کە جەنابی پێغەمبەر ئەفەرموێت: «ئەو کەسانە لە من نین کە بۆ مردوو دەنگ بەرز دەکەنەوە و، پرچ ئەڕووتێننەوە، یا یەخە دائەدڕن، یا لە سەری خۆیان ئەدەن و، ئەلاوێننەوە، چ بەدرۆبێ، یان بەڕاست...» هەروەها دەفەرمووێ: «ئەو کەسانە لەبەخشایشی خوا بێ بەشن، کە بەم تەرحە ناشیرینە شیوەن ئەکەن، یا گوێی لێ ئەگرن.» هەمدیسان ئەفەرموێت: «نەک بۆ مردوو، بۆ هەر زیان و دەردێکی تریش بێت، هەر کەسێ لە خۆی بدا، یا یەخەی خۆی دادڕێ، یا مووی خۆی بڕووتێنێتەوە، وەکو ئەوە وایە کە بەگژ خوادا ئەچێ و، بەشمشێر ئەچێتە شەڕەوە لەگەڵ کردگار».

جا تکا دەکەم ئەمە گوناهێکی گەورەیە، پێویستە لەناو خۆماندا نەیهێڵن. منیش بەپێویستی سەر شانمی ئەزانم ئەم نارێکییانە بخەمە بەرچاو. ئیتر خۆشیتان و چاکیتان لە خوا ئەخوازم.



## پەندی پێشینان

کۆکردنەوەی: حەسەن موحیێدین

١- کوێر تا بەردەمی خۆی تاقی نەکاتەوە هەنگاو نانێ.

٢- لە پاش باران کەپەنەک.

٣- گوندۆرە بەڕەنگ نییە.

## دەنگی دەرەوە

* وا دەردەکەوێ ئەڵمانەکان بەهەر نرخێک بکەوێت لە سەریان، دەیانەوێ لە مەیدانی شەڕدا پێش بکەون، چاویان لە زیان ناترسێت..

* وەک لە ژمارەی پێشوودا پیشانمان دا، ئینگلیزەکان بەربەستی ئەڵمانەکان دەکەن لە خاکی (میسر)دا. ئێستاکەیش خەباتی ئەوە دەکەن بیانبەنە دواوە.

* لەلای ژاپۆنیاوە دەنگوباسێکی ئەوتۆ نییە بینووسین.

* هەرچی چینییەکانن لە هەوڵ و تەقەلای ئەوەدان ژاپۆنییەکان ببەنە دواوە لە خاکەکەی خۆیان دەریانبپەڕێنن.

***

## باسەڕە

ژمارە: (٩)

ڕۆژ: ١٩٤٢/٧/٢٣

## دەنگی قادرکەرەم

کارێکی ناشیرین و خوویەکی ناپەسەند

دوو سێ ڕۆژ لەمەوپێش چەند منداڵێک دەچنە ناو (باخچەی گشت لاییی قادرکەرەم)ەوە. یەک دوو شووتی کوڵە و چەند گوڵێک دەکەنەوە. بێجگە لەوە بێستانی جووتیار و کاراکانی گوندەکەیان تاڵان کردووە، بەتایبەتی بێستانی (ئازا موختار) و (محەمەد ساڵح زولەیخا) و (سەید ئەمین سەید کەریم). لە ئەنجامی پرسیندا دەرکەوت منداڵانی باڵبازەکانی قادرکەرەم بوون ئەو کەتنانەیان کردووە. جا تکا لە باوک و دایکی ئەو منداڵانە دەکەین، تەمێی منداڵەکانی خۆیان بکەن و، بەربەستی ئەو کەتنانەیان لێ بکەن. ئەگینا پاشەجار، پەشیمان دەبنەوە، ئۆباڵیان بەئەستۆی خۆیان.